

# LAFARGE | NEWS

گۆڤـاری کۆمپانیای لافـارج عـێـراق

ژماره : 9 - حوزەیران 2019

## لافارج کۆنکرێتی ئەدا بەرز بۆ تاوەرەکانی زانیاری لە شاری هەولێر دابین دەکات

## بەرهەمی نوێی چیمەنتۆی لافارج عێراق جسر - OPC

## بنیاتنانەوەی موسڵ: "ئەلەنگاری سەرەکی دابینکردنی بودجەیە"

LAFARGE

ئەندام لە LafargeHolcim

# پێڕست

1 پەیامی بەڕێوەبەری جێبەجێکار
4 سەلامەتی ڕێگاوبان و ڕەفتاری تەندروست
5 7 هەڵسوکەوتی سەرەکی سەلامەتی
6 سەلامەتی ڕێگاو گواستنەوە گرنگە بۆ بەردەوامی زنجیرەی دابینکردن
8 ئەنجامدانی ڕاهێنانی فریاکەوتنی خێرا بە کۆمەڵگەکانی دەوروبەر
9 بەرهەمی نوێی لافارج عێراق
13 بونیاتنەوەی موسڵ
17 لافارج عێراق گرێبەستێك بۆ دابینکردنی کۆنکرێت بۆ دروستکردنی تاوەرەکانی زانیاری واژوو دەکات
19 چیمەنتۆ و کۆنکرێت
23 هەواڵی گروپ
27 خەڵاتەکانی لافارج هۆڵسیم
29 پەرۆشییەك بۆ پەرەپێدانی شارستانی
31 کۆمەڵگا
35 بیناسازی
39 پرسیار و دیاری

LAFARGE | NEWS

ئەم گۆڤارە وەرزییە و لافارج عێراق دەریدەکات بۆ کارمەندەکانی و خوێنەران بەگشتی

# پەیامی بەڕێوەبەری جێبەجێکار



**هاوڕێیانی خۆشەویست.**
**خوێنەرانی هەواڵنامەی لافارج،**

2019، سـاڵی یەکەمـی دەیـەی دووەمـی (لافـارج)ە لەعێـراق و ئێمـە هەمووەمـان وەك تیمـی لافـارج عێـراق خۆمـان تەرخـان کردوەبـۆ ئـەوەی ئـەم دەیەیـە بەدەسـتکەوتی نـوێ لـە سـەرتاسـەری وڵاتـدا نیشـانەبکەین. سـاڵی 2019 سـاڵێکی دیکـەی پڕ ئەلنگارییـە لـە پـاش چەنـد سـاڵی سـەختی دواییـدا. واتـا کۆششـی دڵسـوزانەی هـەر یەکەمـان وەك یـەك تیـم و یـەك ئاڕاسـتە. ئێمەکڕیار و بەڵێنـدەر و بۆهێنـەرو هاوبەشـانی کار و گشـت خـاوەن بەرژەوەندییەکانـی دیکـە وەك بەشـێك لـە تیمـی لافـارج عێـراق دادەنێیـن و ئامانـج و بەهـا هاوبەشـەکان لەگەڵیانـدا بەشـدار دەکەیـن.
سـەرەڕای بوونـی چەنـد ئەلنگارییـەك دەسـتپێکێکی بەهێزمـان هەبـوو لـە سـاڵی 2019 دا. ئێمـە پێویسـتمان بـە پاراسـتنی سـەرنج و یـەك ڕیـزی هەیـە بـۆ بەدیهێنانـی دەرئەنجامـەکان. بەدەسـتهێنانی ئامانجەکانـی چارەکـی یەکەمـی سـاڵ ئامـاژەدەرێکـی سـەرەکییە بـۆ ڕێچکـەی کارمـان لـە مـاوەی داهاتـووی سـاڵەکەدا. گرنگییـە سـتراتیژییە سـەرەکییە دیاریکراوەکانـی سـاڵی 2019 ڕێنیشـاندەرمان دەبـن بـە درێژایـی سـاڵ بـۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکانـی ئـەم سـاڵ و سـاڵانی دواتریش. مـن دڵنیـام کـە ئێمـە وەك یـەك تیـم پێگـەی خۆمـان بەهێـز دەکەیـن لەسـەر ئاسـتی وڵاتـدا. وەك نموونەیەکـی نـوێ بـۆ ئـەوەی باسـمان کـرد، لـەم دواییـەدا بەرهەمـی چیمەنتـۆی پۆرتلانـدی ئاسـایی (الجسر)مـان خسـتە بـازاڕەوە وەك بەشـدارییەکی دیکـە لـە لایـەن لافـارج عێڕاقـەوە لـە بـازاڕی چیمەنتـۆی عێراقیـدا. لافـارج عێـراق زیاتـر و زیاتـر لـە پرۆژەکانـی بیناسـازی زەبەلاحـدا بەشـداری دەکات وەك پـرۆژەی بانکـی ناوەنـدی عێراقـی نـوێ لـە بەغـداد و پاڵاوگـەی کەربـەلا و فڕۆکەخانـەی کەربـەلا و بەنـداوی موسـڵ و کۆمەڵگـەی بەسـمایە و تاوەرەکانـی زانیـار و هتـد.



ئێمـە شـانازی دەکەیـن بـەوەی کـە نموونەیەکـی پێشـەنگین لـە پیشەسـازی چیمەنتـۆی عێڕاقیـدا نـەك تەنها لـە ڕووی لێهاتوویـی لـە بەرهەمهێنـان و جۆرێتیـدا، بەڵکـو هەروەهـا لـە بـواری تەندروسـتی و سـەلامەتی و لێپرسراوێتـی کۆمەڵایەتـی کۆمپانیـا و ڕێ و شـوێنە ژینگەییـەکان لـە پیشەسـازییەکەماندا، کـە ئەمـەش بـە واتـای کاری بـەردەوام لـە ژینگەیەکـی تەندروسـت تـردا. بەڕێوەبردنـی چالاکییەکانمـان بـە شـێوازێکی "سـەلامەت و بـەردەوام" گرنگییەکـی جیهانییـە بـۆ گروپـی لافـارج هۆڵسـیم. لـە پاڵ بەردەوامبوونـدا، پایـەی دیکەمـان بـۆ ئەنجامدانـی کارەکان جێبەجێکردنـی یاسـاکانی هەڵسـوکەوتی پیشـەییە، واتـا پابەندبـوون و دەسـتپاکی. هەرچییـەك بێـت ئـەوەی کـە ئەنجامـی دەدەیـن ئێمـە لەگـەڵ یاسـاو ڕێسـای تایبەتـی وڵات و بەهـا و یاسـاکانی هەڵسـوکەوتی پیشـەیی کۆمپانیاکەمانـدا هەماهەنگیـن.

**زۆر بەخۆشـحاڵییەوە پێتـان ڕادەگەیەنـم کـە کارگـەی چیمەنتـۆی بازیـان کـە سـەر بـە گروپـی لافـارج عێراقـە بـە باشـترین کارگـەی چیمەنتـۆ دەستنیشـانکراوە لەسـەر ئاسـتی ناوچـەی خۆرهەڵاتـی ناوەڕاسـت بەپێـی پێـوەری گروپـی لافـارج هۆڵسـیم بـۆ پێوانـەی ئـەدای پیشەسـازی بـۆ سـاڵی 2018.**

**ئـەم پێـوەرە کـە تایبەتـە بـە گروپەکەمانـەوە، ئاسـتی ئـەدای پیشەسازی کارگەکانی چیمەنتـۆی لافـارج هۆڵسـیم بەهێزتـر دەکات و هۆکارێـك دەبێـت بـۆ پێوانـەی ئـەدای پیشـەیی بـۆ سـاڵی 2019.**
**توانای بەرهەمهێنانی 176 کارگـەی بەرهەمهێنانی چیمەنتۆ بەپێـی شـوێنەکانیان و بەشـێوەیەکی گشـتی، بەنـدە بـە سێ ئاسـتەوە: کارایی و تێچـوون و بەردەوامـی.**

**بەپێـی ئـەم پێوەرانـە، کارگـەی چیمەنتـۆی بازیان توانیویەتـی لە پلـەی 77 هەمین بێت، بەمـەش بـە پلـەی یەکـەم دێت لەسـەر ئاسـتی خۆرهەڵاتی ناوەڕاسـت و سـێیەم کارگە لەسـەر ئاسـتی خۆرهەڵاتی ناوەڕاسـت و کیشـوەری ئەفریقا، هەروەها بـە پلـەی 25هەمیـن دێـت لەسـەر ئاسـتی هەمـوو کارگەکانـی چیمەنتـۆ لـە ناو گروپـی لافارج.**

**ئـەم دەسـتکەوتە زۆر مەزنـە بـە تەنهـا ناگەڕێتـەوە بـۆ تیمـی کارگـەی چیمەنتـۆی بازیـان و لافـارج عێـراق، بەڵکـو هەڵکەوتـەی ناوچـەی بازیـان وەك گونجاوتریـن شـوێن وایکـردووە کارگەکـە ببێتـە پێشـەنگی کارگەکانـی چیمەنتـۆ لەسـەر ئاسـتی هەمـوو ناوچەکانـی تـری عێـراق، ئێسـتا ئـەوە بـووە بـە ڕاسـتییەکی فـەرمی حاشـاهەڵنەگر لەلایـەن گروپـی کارگەکانـی چیمەنتـۆی لافـارج هۆڵسـیم لـە جیهانـدا.**

کارمەندانمـان سـەرمایەی هەرەگرنگـی کۆمپانیاکەمانـن. ئێمـەش وەك بەڕێوەبـردن دەڕوانینەبەشـداری ڕێکخـراو و خاوەندارێتـی و بەتواناکردنـی زیاتـر و هەروەهـا کلتـوری قسـەکردن بـۆ بەردەوامـی زیاتـری ئـەدای کار و ژینگـە. لەلاپەڕەکانـی داهاتـوودا چیرۆکـی نایـاب دەخوێننەوەلەبـارەی کارمەندانمـان لەگشـت پۆسـت و تیمەکانـدا و لەبـارەی چۆنیەتـی پشـتگیریکردنمان بـۆ ڕابـوردووی پەروەردەیـی کەرتەکەمـان وهەروەهـا هاوکاریکردنمـان لەگـەڵ زانکـۆ خۆماڵییـەکان و پشـتگیریکردنی پـرۆژەو چالاکییەکانیـان لەئەندازیـاری شارسـتانی و کەرەسـتەی بیناسـازی و چەندیـن چالاکـی و بەشـداری دیکـە.

بە ناوی خۆم و تیمی بەڕێوەبردنەوە هیوای سەرکەوتنتان بۆ دەخوازم

دڵسۆزتان،
**خالد دەکانی**
بەڕێوەبەری جێبەجێکار- لافارج عێڕاق

# تەندروستی و سەلامەتی

سەلامەتی ڕێگاوبان
ڕەفتاری تەندروست

## ڕۆژانی تەندروستی و سەلامەتی جیهانی لەلافارج هۆڵسیم

تەندروستی و سەلامەتی بەهایەکی سەرەکییە بۆ لافارج هۆڵسیم کەلەسەروو هەموو کارە لەپێشینەکانییەوە دێت، بەواتای ئەوەی کەهەر کارمەندێکی لافارج هۆڵسیم لەجیهاندا ئەوپەڕی ئاستەکانی بایەخدان بەتەندروستی و سەلامەتی دەنوێنێت لەهەموو ڕۆژێکدا. لەلایەکی دیکەوە، چەندین بۆنەو و چالاکی تایبەت هەیەکەیارمەتی بەرزکردنەوەی هۆشیاری و زانیاری و هەستی گرنگیبوون دەدات سەبارەت بەتەندروستی و سەلامەتی وەك ڕۆژانی تەندروستی و سەلامەتی جیهانی.
ڕۆژانی تەندروستی و سەلامەتی جیهانی یەکێکەلەگرنگترین چالاکییەساڵانەکانی گروپی لافارج هۆڵسیم کەلە سەرتاسەری جیهاندا و لەگشت وڵاتانی گروپەکەدا- بەعێراقیشەوەلەنێوان کۆتایی مانگی نیسان و کۆتایی مانگی ئایاردا ڕێکدەخرێت.
لەمیانەی ڕۆژانی تەندروستی وسەلامەتیدا، تیمەخۆماڵییەکان چەند چالاکییەکی وەکو ڕاهێنان و ۆرك شۆپ و سەردانی مەیدانی شوێنی کار و هتد ڕێکدەخەن و لەڕێی هۆکارەکانی ڕاگەیاندنی لەچاپدراوو دیجیتاڵەوە پشتگیری دەکرێت. چالاکییەکەهەروەها هەلێکی بێ هاوتایەبۆ بەشداریکردنی کۆمەڵگەکانی دەوروبەر و کڕیار و دابینکارەکان و لایەنەپەیوەندیدارەکانی دیکەلە چالاکییەهاوبەشەکاندا کەبایەخ بەتەندروستی و سەلامەتی دەدات لەعێراقدا. بۆ نموونەتیمەکانمان سەردانی قوتابخانەبنەڕەتییەکان دەکەن بۆ پێشکەشکردنی چەند وانەیەك لەبارەی تەندروستی و سەلامەتی، و هەروەها تیمەکانی سەلامەتی سەر ڕێگا چەند چالاکییەك لەژێر ناونیشانی "لەسەر ڕێگا" دا ڕێکدەخەن بۆ دابەشکردنی کەرەستەی زانیاری بەسوود بەسەر شۆفێراندا.

چالاکی ڕۆژانی تەندروستی و سەلامەتی لەهەموو ساڵێکدا بابەتێك لەخۆ دەگرێت کەبایەخێکی تایبەتی پێ دەبەخشرێت. بابەتی ئەم ساڵیش بریتییەلە:
**7 هەڵسوکەوتی سەرەکی سەلامەتی.**



# 7MSB

۷ هەڵسوکەوتی سەرەکی سەلامەتی

ڕێپێدانی کاری سەلامەت

داخستنی سەرچاوەی ووزە/دانانی نیشانەی ئاگادارکردنەوە

لێخوڕین یاخود ئیشپێکردنی ئامێرەکان بە بێ سەرنج

مادەی هۆشبەر و ئەلکهول

ئامێرەکانی پاراستنی کەسی

پشتێنی سەلامەتی

ڕاپۆرتکردنی ڕووداوەکان

LAFARGE

ئەندام لە LafargeHolcim



# سەلامەتی ڕێگا و گواستنەوەگرنگەبۆ بەردەوامی زنجیرەی دابینکردن

ئێمەسیستمی شوێنکەوتن و پرۆگرامی ڕاهێنانی تایبەت پەیڕەو دەکەین بۆ بەرەوپێشبردنی ئاستی ئامێرەکانی گواستنەوە و شۆفێرەکان




محمد رؤوف عبید، بەڕیوەبەری سەلامەتی گواستنەوەی ڕێگاوبان لەلافارج عێراق دەربارەی ئەو سیستم و پرۆگرامانەی کەلافارج عێراق جێبەجێی دەکات بۆ پاراستنی سەلامەتی گواستنەوەبۆ تاك و بەرهەمەكان بۆمان دەدوێت.

## سەلامەتی ڕێگاوبان

**هەواڵنامەی لافارج: بۆچی سەلامەتی گواستنەوەی ڕێگاوبانگرنگییەکی زۆری هەیەبۆ لافارج عێراق؟**

**محمد عبید:** وەك ئەندام لەگروپی لافارج هۆڵسیم، لافارج عێراق پێوەرو یاسا جیهانییەئاست بەرزەکانی تەندروستی و سەلامەتی پەیڕەو دەکات. پێویستەگشت کارمەند و بەڵێندەرەکانمان ئەم پێوەر و یاسایانەپەیڕەو بکەن بۆئەوەی دڵنیابین لەوەی کەئێمەچالاکییەکانمان بەبێ کەوتنەوەی ڕووداوی کوشندە وبرینداربوونی مەترسیدار بەڕێوەدەبەین. کاتێك سەیری تۆماری ڕووداوەکان دەکەین دەبینین کەزۆربەی ڕووداوەکوشندەکان کەلەسەر ڕێگاکاندا ڕوو دەدەن لەکاتی پرۆسەی گواستنەوەدا ڕوو دەدەن. لەلایەکی دیکەوە، بەرهەمهێنەرانی کەرەستەی بیناسازی، وەك کۆمپانیاکەمان، بەڕێژەیەکی گەورەپشت بەگواستنەوەدەبەستن. ئێمەچیمەنتۆ و کۆنکرێت لەچەندین شوێن لەوڵاتدا بەرهەم دەهێنین و پێویستمان بەگواستنەوەی ئەم بەرهەمانەهەیەبۆ شوێنی کڕیارەکانمان لەکاتی دیاریکراودا و بەبێ کەوتنەوەی زیان بەو کەسانەی بەشدارن لەم پرۆسەیەدا و هەروەها بەبەرهەم و ئۆتۆمبێلەکانی گواستنەوەیان. ئەم ڕاستییانەسەلامەتی ڕێگاوبان دەکاتەگرنگی یەکەمی کۆمپانیاکەمان بەبێ هیچ بەدەرێك.

**أخبار لافارج: چۆن دڵنیا دەبن لەسەلامەتی گواستنەوە لەچالاکییەکانتاندا؟**

**هەواڵنامەی لافارج:** ئەرکێکی زۆر سەختەلەوڵاتێکی وەك عێراقدا کەزۆر ئەستەمەشۆفێری ڕاهێنراو هەبێت کەڕێز لەیاساکانی هاتووچۆ بگرێت و ئۆتۆمبێلی تێدابێت کەبەشێوەیەکی باش چاکسازی بۆ ئەنجام درابێت وهەروەها هاوبەشی کاری درێژخایەن پارێزراوبێت لەهەمان کاتدا ژێرخانی ڕێگاوبان لەعێراقدا لەدۆخێکی خراپدایە. دروشمی سەلامەتی کۆمپانیاکەمان بریتییەلە"سەلامەتی هەڵبژاردەیەنەك ڕێکەوت، سەلامەتیم هەڵبژارد"، بۆیەئێمەهەمیشەلایەنی سەلامەتی هەڵدەبژێرین بەگرتنەبەری ڕێ وشوێن و پێوەرەپێویستەکان و دروستکردنی سیستم و تیمەکان. لەبەر ئەوەجگەلەبەشی تەندروستی و سەلامەتی تیمێکی تایبەتمان تەرخان کردووەبۆ سەلامەتی ڕێگاوبان وەك بەشێك لە یەکەیزنجیرەبۆهێنان. ئامانجی کۆتاییمان دڵنیابوونەلەزنجیرەیەکی بۆهێنانی سەلامەت و بەردەوام، بە واتای پێشکەشکردنی بەرهەمەکانمان بۆ کڕیارەکانمان بەشێوەیەکی سەلامەت و بەردەوام. ڕێ وشوێنی تایبەتمان هەیەبۆ تەندروستی و سەلامەتی گواستنەوە



تیمی سەلامەتی ڕێگاوبان - باکور

**هەواڵنامەی لافارج: ئەو سیستم و دەستپێشخەرییانەچین کەهەتانەبۆ دڵنیابوون لەسەلامەتی گواستنەوەی ڕێگاوبان؟**

محمد عبید: چوار ناونیشانی سەرەکیمان هەیە کە لە ژێر ڕۆشناییاندا ڕێ وشوێنەکانی سەلامەتی ڕێگاوبان جێبەجێ دەکەین:

1) پرۆگرامی گەشەپێدانی گوێزەرەوە
2) پرۆگرامی شیاندنی شۆفێر
3) پرۆگرامی سیستمی چاودێری ناوخۆیی ئۆتۆمبێل iVMS.
4) پرۆگرامی پاداشت و سزا.

پرۆگرامی گەشەپێدانی گوێزەرەوە گەشەسەندنی تواناکانی بەڵێندەرانی گواستنەوە لەڕووی سەلامەتی ڕێگا و گواستنەوە دەکاتە ئامانج. پرۆگرامەکە ووردبینی ئاسایی و پلانەکانی ڕاستکردنەوەی کار و چاودێریکردنی چاکسازی دەگرێتەوە. ئێمەئاستی گەشەپێدانی گوێزەرەوەکانمان بە پێدانی ئەستێرە پۆلێن دەکەین. ئاستی (پێنج ئەستێرە) بەرزترین ئاستەو لە عێراقدا تاکو ئێستا تەنها توانیومانە بگەینە ئاستی 3 ئەستێرە.

پرۆگرامی شیاندنی شۆفێر خولی ڕاهێنانی لێخوڕینی سەلامەت و هەڵسەنگاندنی نێو ئۆتۆمبێل و پشکنینی شیاوی و تەندروستی شۆفێران دەگرێتەوە، هەروەها تەنها ڕێ بەشۆفێرانی شیاو دەدەین لە چالاکییەکانماندا کار بکەن.

پرۆگرامی "چاودێری ناوخۆیی ئۆتۆمبێل" – (iVMS) مان هەیە کە لەگەڵ سیستمی ناردنماندا بەستراوە. سەرچەم ئەو بارهەڵگرانەی کە لەژێر ئەم سیستمەدان چاودێری دەکرێن لە ڕووی پێشێلکردنی سەلامەتی سەر ڕێگا وەك تیژڕەوی و برێکی توند وهتد. سیستمەکە گشت ئەو پێشێلکارییانەی کە بەدرێژایی گەشتەکەدا ڕوودەدەن تۆمار دەکات وپۆلێنکردنی ئەدای شۆفێرەکان دەردەخات.

لە کۆتاییدا پرۆگرامی پاداشت و سزا هانی هەڵسوکەوت و ڕەفتارەکانی سەلامەتی دەدات و ڕێ و شوێن دەگرێتەبەر لە ڕێی پاداشتکردن لە کاتی پابەندبوون و سەپاندنی سزای دیاریکراو لە کاتی بوونی پێشێلکاریدا.

**هەواڵنامەی لافارج: ئەو دەستکەوتەچییەکەتاکو ئێستا بەدەستانهێناوەلەڕێی ئەم سیستم و پرۆگرامانەی کەسەلامەتی ڕێگا و گواستنەدەکاتەئامانج؟**

محمد عبید: ئەتوانم دەستکەوتەپەیوەندیدارەکانمان بەم چوار خاڵەی لەسەرەوەباسمان لێکردن بەم شێوەیەکورت بکەمەوە: 1) لەسەر ئاستی ناوخۆدا یەکێك لەگوێزەرەوەکانمان گەیشتەئاستی 3 ئەستێرەهەروەها دوو گوێزەرەوەی دیکەلەساڵی 2018 دا گەیشتبوونەئاستی 3 ئەستێرە، بەڵام پێویستەدڵنیابین لەڕێی تیمی ووردبینی گشتی ئەرکەکان، وپێویستەئەوانی تریش بگەنەهەمان ئاست لەچارەکی سێیەمی ساڵی 2019 دا. 2) گشت شۆفێرانمان لەسەر ئاستی ناوخۆییدا شیاون. شۆفێرەشیاوەکانمان کەگواستنەوەی چیمەنتۆ و سووتەمەنی HFO و شۆفێرانی کۆنکرێتی ئامادەکراو دەگرنەوەڕێژەی 85%ی ماوەی ناوخۆی لێخوڕاو دەگرنەوەو پێویستەلەساڵی 2019 دا بگەینە90%. گەشەبەداتابەیسی ژمارەیی شۆفێرەکان درا لەناوخۆدا و لەگەڵ سیستمی ناردندا بەسترا بەمەبەستی چاودێری و ڕێپێدان تەنها بەشۆفێرانی شیاو بۆ کارکردن لەگەڵماندا. 3) ڕێژەی 38% لەماوەی ناوخۆی لێخوڕاو بەسیستمی کارتی iVMS کۆنترۆڵکرا و تێکڕای نمرەی کارتی شۆفێران گەیشتە4. لەگەڵ هاتنی چارەکی سێیەمی ساڵی 2019 پێویستەماوەی 85% لەماوەی ناوخۆی لێخوڕاو بەسیستمی iVMS کۆنترۆڵ بکرێت. 4) پاداشت و سزا لەسەر زیاتر 2100 شۆفێر جێبەجێکرا کەئەمەش کاریگەری زۆری دەبێت لەسەر هەڵسوکەوتی شۆفێرەکان. هاوکات گەشەدرا بەپرۆگرامی چاودێری ڕێگاوبان (دەوریەی هاتووچۆ) بۆ جێبەجێکردنی چاودێری زیاتر لەسەر شۆفێر لەڕووی ڕەفتاری سەر ڕێگاوبان.

جگەلەو چوار خاڵەی کەلەسەرەوەباسکرا، گەشەبەنەخشەی مەترسییەکانی ڕێگاوبان درا کە60% لەڕێگا سەرەکییەکانی وڵات دەگرێتەوەو هەروەها پرۆسەکانی هەڵسەنگاندنی مەترسییەکان بۆ شوێنی کڕیارەکان و زۆربەی ناوچەکانی پشوو ئەنجامدرا وەك بەشێك لەپرۆسەی نەهێشتنی گیان لەدەستدان.



تیمی سەلامەتی ڕێگاوبان - باشور





# لافارج عێراق ڕاهێنانی فریاکەوتنی خێرا بە مامۆستایانی قوتابخانەکان دەکات لە ناوچەی بازیان لەسلێمانی

ئەنجامدانی ڕاهێنانی **فریاکەوتنی خێرا** بە کۆمەڵگەکانی دەوروبەر

لافارج عێراق ڕاهێنانی فریاکەوتنی خێرا بە مامۆستایانی قوتابخانەکان دەکات لە ناوچەی بازیان لە سلێمانی

بە دەستپێشخەرییەکی هاوبەشی تیمەکانی تەندروستی و سەلامەتی وپەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لە لافارج عێراق، خولێکی ڕاهێنانی فریاکەوتنی خێرا بۆ مامۆستایانی هەر سێ قوتابخانە بنەڕەتییەکەی گوندی تەیناڵ، نزیك کارگەی بازیان، ڕێکخرا.

24 مامۆستا ئامادەی خولەکە بوون کە بە دوو بەش ڕێکخرا و دوو ڕۆژ بەڕێوەچوو. کەرەستەی کەسیی فریاکەوتنی سەرەتایی بە سەر بەشداربووواندا دابەشکرا جگە لە بەخشینی سندووقێکی گەورەی فریاکەوتنە سەرتاییەکان بە هەر قوتابخانەیەك.

هەر یەك لە بەڕێزان دکتۆر ڕەنجدەر أكرم كريم، پزیشك لە کارگەی چیمەنتۆی بازیان و ڕێکخەری تەندروستی لە لافارج عێراق، و ئامانج رشيد، لێپرسراوی تەندروستی و سەلامەتی و هاوڕێ محمود، بەڕیوەبەری پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان ئەم چالاکییەیان ڕێکخست.

## بەرهەمی نوێی لافارج عێراق (الجسر – OPC) بەپێی سیستەمەکانی چاودێری جۆرێتی و کۆنترۆڵکردنی تۆکمەی گروپی لافارج هۆڵسیم دروست دەکرێت کەگەرەنتی چاودێریکردنی توندی جۆرێتی بەرهەمەکە دەدەن






# الجسر – OPC
# بەرهەمی نوێی لافارج عێراق

**هەواڵنامەی لافارج: چ شتێك بەرهەمی نوێی لافارج "چیمەنتۆی پۆرتلاندی ئاسایی" جیاواز دەکات، و بەکارهێنەرانی ئەم بەرهەمەکێن و بۆ چ جۆرەبەکارهێنانێك بەکار دێت؟**

**جۆرج الیاس:** چیمەنتۆی OPC الجسر نوێ کەلەکانونی یەکەمی 2019 لەکارگەی چیمەنتۆی کەربەلا بەرهەممان هێنا بریتییەلەچیمەنتۆیەکی پۆرتلاندی ئاسایی ئەدا بەرز لەڕووی توندی زیاتر – توندییەکی زوو لەپاش 1-3 ڕۆژ و توندییەکی درەنگ لەپاش 28 ڕۆژ. ئەمەوای لێدەکات جیاواز بێت لەجۆرەکانی تری پۆرتلاندنی ئاسایی لەبازاڕدا. چیمەنتۆی پۆرتلاندی ئاسایی خۆمان ناوی "تاسڵوجە"یە.
ئەم بەرهەمەمان خستەبازاڕەوەبۆ کەرتێکی تایبەت لەبازاڕدا کەبەدوای گەشەپێدانی توندییەکی زیاتر دەگەڕێت. ئەم کەرتەئەم بەکارهێنانەدەگرێتەوە: کارگەکانی بلۆك و کاشی و دروستکردنی میچ و سەربان و کارگەکانی تێکەڵکردنی کۆنکرێتی ئامادەکراوی ئەدا بەرز.

**هەواڵنامەی لافارج: بۆچی دەبێت کڕیارەکان بەرهەمی نوێی چیمەنتۆی پۆرتلاندی ئاسایی پەسەند بکەن؟**

**جۆرج الیاس:** بەرهەمی پۆرتلاندی ئاسایی (الجسر) کارایی بەرهەمهێنانی باشتر دابین دەکات لەم بەکارهێنانەی کەپەیوەندییان هەیەبەکاتی سووڕی خێراتر بۆ کارگەکانی بلۆك و کاشی و لابردنی خێرای پێکهاتەی کاتی بۆ پشتگیریکردنی کۆنکرێتی تێکراو وپاشەکەوتکردنی کات بۆ بیناسازان. ئەمەش دەگەڕێتەوەبۆ توندی بەرزی بەرهەمەکە. جگەلەوەش، چیمەنتۆی پۆرتلاندی ئاسایی یارمەتی تێکەڵکردنی کۆنکرێتی ئامادەکراو دەدات بۆ چاککردنی دیزاینی تێکەڵەکەو بەتایبەتی بۆ کۆنکرێتی زۆر توند کەئەمەش سوودێکی سەرەکی کێبڕکێیانەیەلەپرۆژەکانی ژێرخانی بەرزدا.
جگەلەوەش کۆنکرێتی پۆرتلاندی ئاسایی (الجسر) بەپێی سیستەمەتوندەکانی ئیشپێکردن و چاودێریکردنی جۆرێتی لەگروپی لافارج هۆڵسیم دروست دەکرێت کەگەرەنتی کۆنترۆڵکردنی توندی پێوەرەکانی جۆرێتی دەدات. بوونی نا جێگیری کەمتر لەجۆرێتیدا ئەوەدەگەیەنێت کەدوایین بەکارهێنەر (بیناساز، کارگەی کۆنکرێتی ئامادەکراو یان کاشی/ بلۆك) دەتوانن چالاکییەکانیان بەڕێوەبەرن و بەشێوەیەکی باشتر پەرەی پێبدەن کەئەمەش دەبێتەهۆی کەمکردنەوەی تێچوون و دواجار کەمکردنەوەی گلەییەکانی جۆرێتی لەلایەن کڕیارەکانیانەوە.

**هەواڵنامەی لافارج: دەخوازن چ شتێکی پێشکەش بە بازاڕ بکەن لەڕێی ئەم بەرهەمەنوێیەوە؟**

**جۆرج الیاس:** بەرهەمی چیمەنتۆی پۆرتلاندی ئاسایی (الجسر) لەئێستادا لەکارگەی چیمەنتۆی کەربەلا ئامادەیە و بەرهەمێکی سەرباری گرنگی دیکەیەلەدۆسیێی بەرهەمەکانی ئێستاماندا (چیمەنتۆی الجسر-ی بەرگەگر بۆ کبریتات SRC: کەرەستەو چیمەنتۆی پۆرتلاندی ئاسایی: تاسڵوجەOPC) ئەوەی بتوانین چیمەنتۆ بۆ هەموو جۆرەکانی بەکارهێنان لەبازاڕی عێراقدا دابین بکەین لە ئێستادا.



جۆرج الیاس، بەڕێوەبەری بازاڕگیری لەلافارج عێراق زانیاری لەبارەی بەرهەمی نوێی لافارج "الجسر – OPC" پێشکەش دەکات

# دەگەڕێین بە دوای بازاڕی چیمەنتۆدا

## وا دیارەچارەکی دووەمی ئەم ساڵ گەشبین تر دەبێت بەبەراورد لەگەڵ چارەکی یەکەمدا



**ڕوسلان ئاغابەیلی،**
**بەڕیوەبەری فرۆشتنی لافارج عێراق،**
بۆچوونەکانی دەربارەی بازاڕ و بەرهەمی نوێی لافارج عێراق "الجسر- OPC" پێشکەش دەکات

## "خۆشحاڵین کە ئەو جۆرە چیمەنتۆیە لە بازاڕەکانی عێراق دەبینین وەك ئاماژەیەکی ئەرێنی بۆ بەرەوپێشچوون"

**هەواڵنامەی لافارج: دەکرێت چەند زانیارییەکمان پێشکەش بکەیت دەربارەی پرۆسەی گەشەپێدانی بەرهەمی نوێی لافارج عێراق "الجسر ئۆ پی سی"؟**

**ڕسلان ئاغابەیلی:** گەشەپێدانی بەرهەمی نوێمان الجسر – ئۆ پی سی (CEM I) دەرئەنجامی کاری تیمێکی کارایەکەلەنێوان تیمی فرۆشتن و بەرهەمهێنان و تیمی بازاڕگیری لافارج عێراقە. پرۆسەی تایبەتمەندییەکان جۆرێتی بەرهەم و ڕێکخستنی گونجاندنی تەکنیکی لەهێڵی بەرهەمهێناندا لەکۆتایی ساڵی 2018دا بەسەرکەوتوویی ئەنجامدرا. بەرهەمەکەلەمانگی کانونی یەکەمی 2019دا خرایەبازاڕەوە. لەئێستادا دوو بەرهەممان هەیەلەژێر ناوی "الجسر" کەلەلایەن کارگەی چیمەنتۆی کەربەلا پێشکەشکراوە: چیمەنتۆی الجسر-ی بەرگەگری دژەکبریتات و چیمەنتۆی الجسر-ی پۆرتلاندی ئاسایی.





**هەواڵنامەی لافارج: پێڕاگەیاندنەوەی کڕیارەکان لەبارەی بەرهەمەنوێکەچۆن بوو؟**

**ڕسلان ئاغابەیلی:** ئەو پێراگەیاندنانەی کەپێمان گەیشتوولەکڕیارەکانمانەوەلەبارەی چیمەنتۆی الجسر-ی پۆرتلاندی ئاسایی تا ئێستا ئەرێنین، بەتایبەتی بەرهەمهێنەرانی کۆنکرێتی ئامادەکراو و کۆنکرێتی لەقاڵبدراو. ئێمەزۆر خۆشحاڵین بەئەدای بەرهەمەکەمان و هەروەها خۆشحاڵین بەپشتگیریکردنی بازاڕی چیمەنتۆی عێراقی بەم بەرهەمەنوێئەدا بەرزەو بەجێبەجێکردنی خواستی کڕیارەکانمان.

**هەواڵنامەی لافارج: چۆن دەڕواننە بازاڕی ئێستای چیمەنتۆی عێراق؟**

**ڕسلان ئاغابەیلی:** خۆشحاڵین بەوەی کە بازاڕی چیمەنتۆ لە عێراقدا چەند نیشانەیەکی گەشەسەندنی ئەرێنی بەخۆیەوە بینیوە. وا دیارە چارەکی دووەمی ئەمساڵ گەشبینتر دەبێت بە بەراورد لەگەڵ چارەکی یەکەمدا. لەگەڵ ئەوەشدا پێویستە پشتگیریئەم جموجۆڵەئەرێنییەبکرێت لەڕێی ڕێ وشوێنەکانی حکومەتەوەوەك چاودێری توند لەسەر هاوردەکردنی چیمەنتۆ. لەئێستادا ١٩ کارگەی چیمەنتۆ لەوڵاتدا هەیەو حکومەتی فیدڕاڵ کار لەبەگەڕخستنەوەی چەند کارگەیەکی چیمەنتۆی دیکەدەکات کەئەمەش ئەوەدەگەیەنێت کەتوانای بەرهەمهێنانی چیمەنتۆ لەعێراقدا زیاترەلەپێویست بۆ وەڵامدانەوەی پێویستییەکانی بیناسازیی لەوڵاتدا. بەدەر لەبابەتەکانی تەسلیمکردن و جۆرێتی متمانەپێکراو، هاوردەکردنی چیمەنتۆ و کلینکەر کاریگەری دەبێت لەسەر وڵات لەدوو بواردا: یەکەمیان، گشت هەوڵەکانی حکومەتی فیدڕاڵی لەئەرك و سەرمایەگوزاری بۆ بەگەڕخستنەوەی کارگەکانی چیمەنتۆ و گەشەپێدانی پیشەسازی چیمەنتۆی نیشتمانی بەشێوەیەکی نەرێنی کاریگەری بەر دەکەوێت، دووەمیان، لەدەستدانی هەلێکی گرنگ بۆ دروستکردنی هەلی کاری زیاتر بۆ گەلی عێراق. ئێمەوەك ئەندام لەکۆمەڵەی بەرهەمهێنەرانی چیمەنتۆی عێراقی ICPA دەڕوانینەگرتنەبەری ڕێ وشوێنی بەرجەستەکراو لەم بارەیەوە.

**هەواڵنامەی لافارج: چۆن ڕەزامەندی کڕیارەکان بەدەست دەهێنن و لەم بارەیەوەچ شتێك تیمی فرۆشتنی لافارج عێراق تایبەتمەند دەکات؟**

**ڕسلان ئاغابەیلی:** تیمی فرۆشتنی لافارج عێراق لەستافێکی پیشەیی شارەزا و بەئەزموون و چالاك پێك دێت کەلەسەرتاسەری عێراقدا بوونیان هەیەو کەجیاوازی دەهێننەکایەوەلەڕێی شارەزاییە تەکنیکییەکانیان جگەلەڕێبازی لافارج عێراق کەکڕیار دەکاتەچەقی کارەکانی. تیمەکەمان وەك کارمەندی کۆمپانیا ڕەفتار ناکەن بەڵکو وەك خاوەنکار بەسۆز و دەستپاکییەوەڕەفتار دەکەن. لەم دواییەدا ئۆفیسێکی نوێنەرایەتیمان لەئوتێلی بابل لەبەغداد کردەوەبۆ ئەوەی نزیکتر بین لەکڕیارەکانمان و بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی ڕێکخراوتر و پیشەییتر خزمەتیان بکەین. هەرچەندەتیمی فرۆشتمان پێشەنگە، بەڵام گشت تیمەکەمان لەلافارج عێراق وەك یەك تیم و یەك ئاڕاستەکار دەکات، ئەمەش ئەوەدەگەیەنێت کەئێمەڕەزامەندی کریارەکانمان نەك تەنها بەکاری تیمی فرۆشتن دادەنێین، بەڵکو ئەمەکاری ئێمەیەوەك یەك تیم، لەکانەبەردی کارگەی چیمەنتۆوەدەستپێدەکات و لەشوێنی کاری کڕیار تەواو دەبێت، و گشت بەش و ئەرکەکان ڕۆڵێکیان هەیەلەم زنجیرەیەدا وئێمەئاگاداری ئەو ڕاستییەین کەهەر یەکێك لەئێمەبەشداری دەکات لەبەدەستهێنانی ڕەزامەندی کڕیار بەشێوەیەك لەشێوەکان.




ئۆفیسی فرۆشتنی بەرهەمەکانی لافارج عێراق لە ئوتێل بابیلۆن - بەغدا

# بونیاتنانەوەی موسڵ:

"ئەلنگاری سەرەکی بونیاتنانەوەی موسڵ دابینکردنی بودجەیە"








د. صهیب الدرزی، یاریدەدەری پرۆفیسۆر و وانەبێژی پێشکەوتوو لەزانکۆی موسڵ* و سەرۆکی ئۆفیسی ڕاوێژکاری ئەندازیاری و ئەندام لەلیژنەی ڕاوێژکاری کەپلانی بۆ دووبارەبونیاتنانەوەی شاری موسڵ داناوەبۆ 10 ساڵ. د. صهیب بڕوانامەی بەکالۆریۆس و ماستەری لەزانکۆی موسڵ بەدەستهێناوەو بڕوانامەی دکتۆرای لەزانکۆی تۆنگی لەشەنگای - چین بەدەستهێناوە.

**هەواڵنامەی لافارج:** ژمارەی بەشەئەندازیارییەکان لەزانکۆی موسڵ چەندە؟


**د. صهیب الدرزی:** حەوت بەشی ئەندازیاریمان هەیەکەئەندازیاری شارستنانی و تەلارسازی و کارەبایی و میکانیکی وکۆمپیوتەر و ژینگەو سەرچاوەئاوییەکان و میکاترۆنکس دەگرێتەوە. لەئێستادا زانکۆکەمان خزمەت بەنزیکەی 2000 خوێندکار دەگەیەنێت و جۆرێتییەکی باش لەفێربوون پێشکەش دەکات، بەڵام بەداخەوەکەموکورتیمان هەیەلە ڕەخساندنی هەلی گونجاو بۆ بەشدارپێکردنی خوێندکارانمان لەپرۆژەو ئەزموونی ڕاستەقینەبۆ ئەوەی زیاتر ئامادەیان بکەین بۆ ژیانی پراکتیکی لەپاش دەرچوونیان.

**هەواڵنامەی لافارج:** ئەرکی لیژنەی ڕاوێژکاری ئەندازیاری چییە، ئەندامەکانیان کێن؟

**د. صهیب الدرزی:** ئامانجی لیژنەی ئەندازیاری پێشکەشکردنی چارەسەرەکان و پشتگیریکردنی پرۆژەکانی ئاوەدانکردنەوەی شاری موسڵەکەدارشتنی تەلارسازی و پرۆسەکانی ئەندازیاری شارستانی دەگرێتەوە. لیژنەکەهەڵدەستێت بەپێداچوونەوەو پێشنیارکردنی پرۆژەکانی بیناسازی کەبۆ ڕاوێژکاری پێشکەشکراوە. ڕاوێژکارییەکان توێژینەوەو لێکۆڵینەوەی شوێن و زەوی و ڕاپۆرتەکانی نۆژنکردنەوەدەگرێتەوە. لیژنەکەلە16 کەس پێکدێت کە10 یان ئەکادیمین لەزانکۆی موسڵەوەو 6 شارەزا لەدەزگاکانی دیکەوەکەسیانیان ئەندازیاری شارستانین و یەکێکیان ئەندازیاری تەلارسازییەو دووانەکەی تریان پسپۆڕێکی شوێنەوارزانی و ئەندازیارێکی کارەباییە.

لیژنەی ڕاوێژکاری ئەندازیاری پلانێکی بۆ بونیاتنانەوە/ نۆژەنکردنەوەی موسڵ بۆ ماوەی 10 ساڵ ئامادەکردووەکەلەساڵی 2017دا و لەپاش شکاندنی داعش دەستیپێکرا. پلانەکەپرۆژەکانی ژێرخانی بەرفراوان و هەروەها پرۆژەی کشتوکاڵی و بازرگانی و چەندین پرۆژەی دیکەدەگرێتەوەوەك پلانێکی سەرەکی بۆ بونیاتنانەوەی شارەکە. پێداچوونەوەبۆ پلانەکەئەنجامدراو لە لایەن ئۆفیسی سەرۆك وەزیرانەوەپەسەندکرا. لەلایەکی دیکەوەلەئێستادا وەك ئۆفیسی ڕاوێژکاری ئەندازیاریی هەڵدەستین بەسەرپەرشتیکردن و پلاندانان بۆ نۆژەنکردنەوەی چەند پردێك، و لەماوەی پێشوودا گرێبەستێکمان لەگەڵ کۆمپانیای سعد واژووکرد بۆ ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەبۆ شوێنەکان و نۆژەنکردنەوەو پشتگیریکردنی کۆمپانیا بۆ دووبارەبونیاتنانەوەی پردی دووەمی موسڵ کەیەکێکەلەپێنج پردەکەی موسڵ لەسەر ڕووباری دیجلە. هەروەها ڕاوێژکاری بۆ نۆژەنکردنەوەی پردی شرگات و پردەکانی تکریت – العلم ئەنجام دەدەین. لەشاری موسڵیش سێ بینامان هەیەکەتوانیمان ڕاپۆرتی نۆژەنکردنەوەی گشتییان بۆ تەواو بکەین و پێشکەشمان کرد و پرۆژەکان لەلایەن پارێزگای موسڵەوەجێبەجێ دەکرێت بەپشتگیری پرۆگرامی گەشەپێدانی نەتەوەیەکگرتووەکان. ئێمەلەگەڵ ڕێکخراوی یونیسکۆدا کار دەکەین بۆ نۆژەنکردنەوەی مزگەوتی النوری و منارەی الحدباء.

لەڕاستیدا هەروەها گرێبەستێکمان هەیەلەگەڵ زانکۆی بنسلڤانیا بۆ نۆژەنکردنەوەی چەند ناوچەیەکی کلتوری شارستانی مێژووی شاری موسڵ کەئەمەشتێکی زۆر گرنگەبۆ شارەکە.



**هەواڵنامەی لافارج:** گرنگترین پێویستییەكانی شاری موسڵ بۆ بونیاتنانەوەچییە؟

**د. صهیب الـدرزی:** ئەلنـگاری سـەرەكی بونیاتنانـەوەی موسـڵ دابینكردنـی بودجەیـە، واتـا دابینكردنـی سـەرمایەبۆ پـرۆژەكان. هەرچەندەئاسـایش كێشـەیەكی دیكەیـە، بـەڵام كاتێـك كەلەدەرەوەسـەیر دەكەیـن شارەكەبەشـێوەیەكی گشـتی سـەلامەت و ئارامـە.
كێشـەمان نیەبـۆ دابینكردنـی كەرەسـتەكانی بیناسـازی تەنهـا لەچیمەنتـۆ و ئاسـن نەبێـت. پێویسـتمان بەدابینكردنـی ئـەو كەرەسـتانەهەیەلەدەرەوەی شـاری موسـڵ هەرچەندەكارگـەی چیمەنتـۆی چالاكـمان هەیەلەشـارەكەوەك حـمام علیـل. ئەگـەر هاتـوو توانیـمان ئـەو كێشانەچارەسـەر بكەیـن ئێمەگەشـبینین بـەوەی كەدەتوانیـن پرۆژەكانـی نۆژەنكردنەوەبەئاسـانی جێبەجـێ بكەیـن.

**هەواڵنامەی لافارج:** چۆن دەڕواننەجۆرێتی بیناسازی لەعێراقدا؟

**د. صهیـب الدرزی:**ئـەوەی پەیوەنـدی بەپرۆسـەی بیناسـازییەوەهەیەئێمەلەگەڵ دوو خاڵـی سـەرەكیدا مامەڵەدەكەیـن: یەكەمیـان جۆرێتـی كەرەسـتەكانی بیناسـازییە و دووەمیـان پرۆسـەی جێبەجێكردنەكەیەتـی. هـەردوو خاڵەكەپێویسـتی بەزانیـاری تەكنیكـی و سەرپەرشـتی هەیەلەنزیكـەوە. لەڕاسـتیدا ئەنجامـی ئەرێنـی زیاترمـان دەسـت دەكەوێـت ئەگـەر هاتـوو كۆمپانیـا جیهانییـەكان كەخـاوەن زانیـاری و شارەزاییسەرتاسـەرین لەجیهانـدا بەشـداری بكـەن لەپرۆژەیەكـدا. لەلایەكـی دیكـەوە، نەبوونـی شـارەزا تەكنیكییـەكان و شـارەزایی و سەرپەرشـتی تونـد كۆمپانیـا خۆماڵییـەكان لاوازتـر دەكات. بۆیەئێمەپێویسـتمان بەپشـتگیری قەوارەفەرمییـەكان و كۆمپانیـا پیشـەییەكانی بیناسـازی خـاوەن شـارەزاییەكان هەیەبـۆ جێبەجێكردنـی پرۆژەكانمـان بەشـێوەیەكی باوەڕپێكراوتـر. پێویسـتمان پێیانەنـەك تەنهـا بـۆ هۆكارەداراییـەكان بەڵكـو هەروەهـا بـۆ ڕێنمایـی و ڕاهێنانـی ئەندازیارەخۆماڵییەكانمـان لەسـەر پرۆژەكانـی ئاینـدە. خوێنـدكار و ئەندازیـاری بەهرەمەنـدی لومـان هەیەكـەزۆر بەپەرۆشـن جێدەسـتیان هەبێـت لەبـواری بیناسـازیدا بـەڵام پێویسـتییان بەڕێنمایـی هەیەلەلایـەن شـارەزایانی تەكنیكـی كەئەزموونـی پەروەردەیـی باشـیان هەیەجگەلەشـارەزایی لەبەڕێوەبردنـی پـرۆژەكان بەهـۆی بەشـداریكردن لـەو پرۆژانـەی كەكۆمپانیـا گـەورەكان جێبەجێیـان دەكات.

*(*) زانكـۆی موسـڵ، زانكۆیەكـی فەرمییـە دەكەوێتـە شـاری موسـڵ، یەكێكـە لـە گـەورەترین ناوەندەكانـی فێركـردن و توێژینـەوە لـە ڕۆژهـەڵاتی ناوەڕاسـت و دووەم گـەورەترین ناوەنـدە لـە عێراقـدا لـە پـاش زانكـۆی بەغـداد. زانكـۆی موسـڵ لـە لایـەن ڕێكخـراوی داعشـەوە لـە سـاڵی 2014 داخـرا، و پـاش چەنـد مانگێـك دووبـارە كرایـەوە لـە بینـای تـازەو خولـی تـازەدا. ئامـارەكان ئـەوە ئاشـكرا دەكـەن كـە زیاتـر لـە 8000 پەرتـوك و 100،000 دەسـتنوس لـە كتێبخانەكەیـدا لەناوبـران. زانكۆكـە وەك بنكەیـەك بـۆ داعـش بەكارهێنـرا و لـە مارتـی 2016 دا گـورزی ئاسـمانی هاوبەشـی بەركـەوت. لـە كانونـی دووەمـی 2017 دا هێـزە عێراقییـەكان توانییـان شـارەكە ڕزگار بكەنـەوە. (سـەرچاوە: ویكیپیدیا)*






# لافارج عێراق پشتگیری ناوەڕۆك و دارایی پێشكەش بەچالاكییەك دەكات كەلەلایەن زانكۆی موسڵەوە ڕێكخراوە

حكومەتـی فیدڕاڵـی عێـراق و دانیشـتوانی شـاری موسـڵ بەپەرۆشـن بـۆ گرتنەبـەری گشـت هەنگاوەپێویسـتەكان بـۆ خێراكردنـی پرۆسـەی بونیاتنانـەوەی شـارەكەو گەڕاندنـەوەی دۆخـی كۆمەڵایەتـی و ئابـوری شـارەكەبۆ پێـش هەڵگیرسـانی شـەڕەكە.

موسـڵ شـارێكی سـەرەكییەلەباكووری عێـراق. دەكەوێتـەدووری 400 كـم لەباكـووری بەغـداد لەبەشـی ڕۆژئـاوای ڕووبـاری دیجلەبەرامبـەر بەشـاری نەینـەوای ئاشـووری دێریـن لەبەشـی ڕۆژهـەڵات. شـاری موسـڵ لـەڕووی مێژوویـی و ئابوریـەوەزۆر گرنـگ بـوو بـۆ عێـراق تـا ئـەو كاتـەی كەهێرشـی دڕندانـەی داعـش گشـت شـارەكەی وێـران كـرد. لەسـاڵی 2017 موسـڵ لەدەسـتی داعـش ڕزگاركـرا بـەڵام ئاسـایش بەتەواوەتـی لەشـارەكەدا جێگیرنەبووەكەبۆتەكۆسـپێك لەبـەردەم وەبەرهێنـان و ئەركەكانـی بونیاتنانـەوەی شـارەكە.

لەلایەكـی دیكـەوە، حكومەتـی فیدڕاڵـی عێـراق و دانیشـتوانی شـاری موسـڵ بەپەرۆشـن بـۆ گرتنەبـەری گشـت هەنگاوەپێویسـتەكان بـۆ خێراكردنـی پرۆسـەی بونیاتنانـەوەی شـارەكەو گەڕاندنـەوەی دۆخـی كۆمەڵایەتـی و ئابـوری شـارەكەبۆ پێـش هەڵگیرسـانی شـەڕەكە.

یەكێـك لەدواییـن چالاكییـەكان لـەم بارەیەوەلەلایـەن ئۆفیسـی ڕاوێـژكاری ئەندازیـاری لەزانكـۆی موسـڵ و بەهاریـكاری لەگـەڵ لافـارج عێراقـدا ڕێكخـرا. چالاكییەكەسـەبارەت بەچیمەنتـۆی خۆماڵـی و ڕۆڵـی لەبوژاندنـەوەی موسـڵ بـوو لەگـەڵ بایەخێكـی تایبـەت بەبەرهەمـی لافـارج "كەرەسـتە" كەبـۆ مەبەسـتی هەمەجـۆر بەكاردێـت و پابەندبوونـی بە پێو ە ر ە نێو د ە وڵە تییە كا نـە و ە .

تیمـی بازاڕگێـڕی لافـارج عێـراق لەدوورەوەلەئامادەكارییەكانـی چالاكییەكەبەشـداربوو، بەهـۆی ڕێ وشـوێنەئەمنیەكانی گروپەكـەوە، لەهەمـان كاتیشـدا گشـت ناوەڕۆكـی تەكنیكـی پێویسـتی بـۆ چالاكییەكەی‌پێشكەشـكردبوو جگەلەكەرەسـتەو بابەتەكانـی ڕیـكلام و ڕاگەیانـدن نەبێـت سـەبارەت بەلافـارج عێـراق و بەرهـەم و سـەرچاوەكانی.

أحمـد حنفـی، بەڕێوەبـەری بازاڕگێـڕی تەكنیكـی ڕایگەیانـد كەچالاكییەكەهەلێكـی گرنـگ بـوو بـۆ دروسـتكردنی پەیوەندییەكـی بـاش لەگـەڵ ئاندازیـاران لەبازاڕێكـی ئایندەگەشـی وەك ئـەم بـازاڕە.

# لافارج عێراق گرێبەستێك بۆ دابینكردنی كۆنكرێت بۆ دروستكردنی تاوەرەكانی زانیاری واژوو دەكات كەدووەم بەرزترین كۆمەڵگەی بینایەلەوڵاتدا

تـاوەری زانیـاری E1 كەلافـارج كۆنكرێتـی بـۆ دابیـن دەكات یەكێكەلەچوار تـاوەر كەكۆمپانیـای كرمانـج بـۆ بیناسـازی دروسـتی دەكات لەناوچـەی زانیـاری لەهەولێـری پایتەختـی هەرێمـی كوردسـتانی عێـراق. پرۆژەكەبریتییەلەیەكـەی نیشـتەجێبوون و ناوەندێكـی كاری گـەورە.

تـاوەری زانیـاری E1 لەسـەر ڕووبـەری 1300 مەتـر دووجـا دروسـت دەكرێـت و ڕووبـەری گشـتی بیناكەدەگاتـە65,000 مەتـر دووجـا بەبـەرزی 165 مەتـر (44 نهـۆم) كەئەمـەوای لێدەكات ببێتـەدووەم درێژتریـن بینـا لەوڵاتـدا لەپـاش بانكـی ناوەنـدی عێـراق كەپرۆژەیەكـی دیكەیەلافـارج كۆنكرێتـی بـۆ دابیـن دەكات، و چـاوەڕوان دەكرێـت پرۆژەكەلەسـێ سـاڵی داهاتـوودا تـەواو ببێـت.

لافـارج عێراق 30,000 مەتـر سـێجا لەكۆنكرێتـی ئـەدا بـەرز بـۆ ئـەم تاوەرەدابیـن دەكات. لەسـاڵی 2018 دا بـڕی 10,000 مەتـر سـێجا لەكۆنكرێـت بـۆ دوواهەمیـن دوو تـاوەری نێشـتەجێبوون دابینكـرا و كارەكانـی تایبـەت بەكۆنكرێـت پـاش مانگێكـی دیكەتـەواو دەبێـت.





**ئەندازیار صباح نوری علی، بەڕێوەبەری جێبەجێكردنی كۆمپانیای بەڵێندەرایەتی كرمانج: "لافارج لە ئاست پێشبینییەكانماندا بوو لەبارەی دابینكردنی باشترین جۆری بەرهەم و خزمەتگوزاری"**

> " پرۆژەكەمان پێویسـتی بە باشـترین جـۆری كۆنكرێتە ئەمـەش ئـەو جۆرەیـە كـە لافارج دابینـی دەكات بۆمـان. تیمـی لافـارج لـە كات و شـوێنی خۆیدا كۆنكرێتـمان بۆ دابیـن دەكات و لـە شـوێنی كاركردنـدا هەمـوو كەرەسـتەیەكی پێویسـتیان دابیـن كـردووە، لەگـەڵ ترومپـای گـەورە بـۆ دابەشـكردنی كۆنكرێـت و ترومپـای هایدرۆلیكـی جێگیـر بـۆ تێكردنـی كۆنكرێـت لەپـاڵ باشـترین جـۆری بەرهـەم و خزمەتگـوزاری. لافـارج خزمەتێكـی بـاش دەگەیەنێـت بـە كڕیـاران و بـە شـێوەیەكی پیشـەیی مامەڵـە لەگـەڵ حاوەنـكار و ئەندازیارەكانـدا دەكات و هەمیشـە گـوێ دەگـرن و وەڵامـی پرسـیارەكان دەدەنـەوە و پێداویسـتییەكان دابیـن دەكـەن، لەگـەڵ ئەوەشـدا تیمێكـی تایبەتیـان هەیـە بـۆ چاودێریكردنـی جۆرێتـی كۆنكرێتەكـە و بـەردەوام سـامپڵ وەردەگـرن. هیـچ كێشـەیەكمان نییـە لەگـەڵ جۆرێتـی كۆنكرێتـی لافـارج وەك درز و لێچـوون، و هەمـوو تاقیكردنـەوەكانمان بـۆ بەرهەمەكانـی لافـارج لـە سـەروو ئاسـتی پێشـبینییەكانمانەوەیە ".



## گروپـی لافـارج عێـراق تـەواوی چیمەنتـۆی پـرۆژەی تـاوەری زانیـاری تێكـرد بەبـێ وەسـتان و لـە مـاوەی 26 كاتژمێـردا

تیمـی كارگـەی لافـارج عێراق بـۆ كۆنكرێتـی ئامادەكراو لـە مـاوەی 26 كاتژمێـردا تـەواوی كۆنكرێتـی بەشـی بنچینـەیی پـرۆژەی تـاوەری زانیـاری E1ی تێكـرد، كـە دووەم بەرزتریـن تـاوەرە لەسـەر ئاسـتی عێـراق.

لافـارج عێـراق 3.517 مەتـر سـێجا كۆنكرێتـی لـە جـۆری C50-40 بـۆ پرۆژەكـە دابینكـرد لـە ڕێـی 20 بارهەڵگـری میكسـەری كۆنكرێتـی و 3 پەمپـی كۆنكرێتـی پرۆسـەی تێكردنـی كۆنكرێتەكـەی ئەنجامـدا بـە 430 جـار هاتوچـۆی بارهەڵگـرە میكسـەرەكان لـە نێـوان پرۆژەكـە و كارگـەدا. وحیـد إمـام، بەڕێوەبـەری گشـتی كارگـەی لافـارج عێـراق بـۆ كۆنكرێـت لەوبارەیـەوە ڕایگەیانـد: پرۆسـەی تێكردنەكـە بـە خێراتریـن كات بەڕێوەچـوو بـە لەبەرچاوگرتنـی پێوەرەكانـی یاسـای سـەلامەتی و چاودێریكردنـی بەرزتریـن ئاسـتی كوالێتـی.



# چیمەنتۆ و کۆنکرێت





## ئایا ڕەنگی چیمەنتۆ کاریگەری هەیە لەسەر جۆرێتییەکەی؟

**"جۆرێتی و ڕەنگی چیمەنتۆ دوو شتی سەربەخۆن و هیچ پەیوەندییەکیان بەیەکەوەنییە. گشت جۆرەکانی چیمەنتۆ، هەرچییەك بێت ڕەنگەکانیان، پابەندنبەهەمان ئەو پێوەرانەی کەکۆنترۆڵی ئەدا و پێکهاتەکان دەکەن"**

## چاوپێکەوتنێك لەگەڵ پاسکال دیۆن

ئەندازیاری توێژینەوەو گەشەپێدان – بەشی دروستکردنی چیمەنتۆ
ناوەندی توێژینەوەکانی لافارج هۆڵسیم – فەڕەنسا

**لافارج هۆڵسیم: چ شتێك ڕەنگی چیمەنتۆ دیاری دەکات؟ دەکرێت جیاوازی لەڕەنگی هەمان بەرهەمەکانی چیمەنتۆداهەبێت کە لە کارگەی جیاوازدا دروست دەکرێت، و بۆچی؟**

ڕەنگی چیمەنتۆ بە شێوەیەکی سەرەکی سەرچاوەکەی لەئۆکسیدی ئاسنی ئەو نیشتووی قوڕەی کەبۆ بەرهەمهێنانی کلینکەر بەکاردێن وەردەگرێت. ئەوەمان لەیادبێت کەکلینکەری پۆرتلاند لەڕێی سوتاندنی تێکەڵەیەك لە کەڵس (دابینکەری کالسیۆم) و قوڕ (سیلیکۆن، ئەلومینا، دابینکەری ئۆکسیدی ئاسن) بەڕێژەی ٪80/20 بەرهەم دێت بەمەبەستی دروستکردنی قۆناغەکانی کارلێککەری چیمەنتۆکە. لەکاتی دروستکردنی کلینکەر، ئۆکسیدی ئاسن ڕۆڵ دەبینێت لەسوتاندنی ماددەی یاریدەدەر وهەورەها ئەلۆميناش. بوونیان گرنگەبۆ دروستکردنی قۆناغەکانی سیلیکاتی کالسیۆم کەدەبێتەهۆی هێنانەکایەی هێزی میکانیکی و تێکڕای بڕی گشتییان بەشێوەیەکی وورد لەلایەن بەرهەمهێنەری چیمەنتۆکەوەکۆنترۆڵ دەکرێت. لەکۆتایی پرۆسەکەدا ئۆکسیدی ئاسن و بڕی کەمی توخمەکان لەقۆناغی کالسیۆم ئەلۆمینەیت ئاسنیندا calcium aluminate ferrite phase چڕ دەبێتەوە (کەپێی دەوترێت C4AF) کەتەنها قۆناغی ڕەنگاوڕەنگی کلینکەرە(قاوەیی بۆ ڕەش). تێبینی ئەوەبکەکەچیمەنتۆی سپی لەماددەی خاو دروستکراوەکەئۆکسیدی ئاسنی تێدا نییە.

بەم شێوەیەو بەپشت بەستن بەکیمیای نیشتووەقوڕییەخۆماڵییەکانی کارگەی چیمەنتۆ، لەوانەیەڕێژەی ئاسن و ئەلۆمینا کەمێك جیاواز بێت و دەبێتەهۆی بڕی جیاواز لەC4AF وپاشان چیمەنتۆی تاریکتر یاخود ڕوونتر. هەر لەبەر ئەمەشەکەهەمان جۆری چیمەنتۆ کەلەکارگەی جیاوازدا بەرهەم دێت بەتەواوەتی هەمان ڕەنگیان نابێت.

سەرەڕای ئەوەش، لەوانەیەچیمەنتۆ چەند کەرەستەو ماددەیەکی زیادکراوی تێدا بێت بەمەبەستی گونجاندنی تایبەتمەندییەکانی لەگەڵ پێداویستییەکانی بازاڕدا کەدەبێتەهۆی گۆڕینی ڕەنگی چیمەنتۆکە. لەوانەیەڕەنگی ئەو کەرەستەزیادکراوانە کاڵ بن (کەڵس و کۆزەر Slag) یاخود تاریك بن (پۆزۆلان و خۆڵەمێش)، ئەویش بەهۆی سروشت و پێکهاتەکانییەوە.

دوا هۆکار کەکاریگەری لەسەر ڕەنگی چیمەنتۆ هەیەنەرمییەکەیتی، چەند چیمەنتۆکەنەرمتر بێت، کاڵتر دەبێت.

**لافارج هۆڵسیم: ئایا هیچ پەیوەندییەك هەیەلەنێوان ڕەنگی چیمەنتۆ و جۆرێتی/تایبەتمەندییەکانییەوە؟**

جۆرێتی و ڕەنگی چیمەنتۆ دوو شتی سەربەخۆن و هیچ پەیوەندییەکیان بەیەکەوە نییە، ئەدای چیمەنتۆ بەزۆری لەڕێی قۆناغەکانی سیلیکات (سپی) و ئەلۆمینات (سپی) و تفتییەوە Alkalis کۆنترۆڵ دەکرێت. تەنانەت C4AF کارلێکردنێکی زۆر نزمی هەیە. چەندین جۆری چیمەنتۆی تاریك هەیەکەبەرهەڵستی زیاتر یان کەمتر دەنوێنێت هەر وەك چیمەنتۆی کاڵ. لەگەڵ ئەوەشدا، چیمەنتۆی سپی بەتەواوەتی هەمان ئەو زنجیرەبەرهەمانەدەگرێتەوەکەچیمەنتۆی تاریك دەیگرێتەوە.

بەهەرحاڵ، گشت جۆرەکانی چیمەنتۆ، هەرچییەك بێت ڕەنگەکانی، پابەندنبەهەمان ئەو پێوەرانەی کەکۆنترۆڵی ئەدا و پێکهاتەکان دەکەن.

**لافارج هۆڵسیم: بەڕای ئێوەبۆچی ڕاو بۆچوونێکی وا هەیەلەهەندێك لەبازاڕەكاندا کەچیمەنتۆی تاریك باشترین جۆرێتی هەیەبەڵام چیمەنتۆی کاڵ نییەتی؟**

ئەم ڕاو بۆچوونەزۆر جیاوازەلەناوچەیەکەوەبۆ ناوچەیەکی دیکە. بۆ نموونە، ئەبینین کە بازاڕەکانی ئەفریقیا چیمەنتۆی تاریکتر پەسەند دەکەن لەکاتێکدا کڕیارەکان لەئەورووپای ڕۆژئاوادا بەشوێن بەرهەمەکاڵەکاندا دەگەڕێن.

سەبارەت بەپەسەندکردنی بەرهەمەتاریکەکان، گریمانەیەك هەیەکەچیمەنتۆی کاڵ کەمتر بێگەردەوبەم شێوەیەجۆرێتی نزمترە.
هەروەها، ڕەنگی بەرهەمی کۆتایی (بلۆك، مۆرتەر یاخود کۆنکرێت) دەکەوێتەژێر کاریگەری ڕەنگ یاخود چیمەنتۆکەوە، دەکرێت مرۆڤ ئەوەبێنێتەبەرچاوی کەکڕیاری کۆتایی لەوانەیەگومان بکات لەبوونی بڕێکی کەم لەچیمەنتۆ لەمۆرتەر/کۆنکرێت کاتێك کەکاڵتر دەردەکەوێت. ئەوسا فرۆشتنی ئەو بەرهەمانەی کەچیمەنتۆی تاریکتری تێدایەئاسانتر دەبێت.


**لافارج هۆڵسیم: ئایا ڕەنگی چیمەنتۆ کاریگەری هەیەلەسەر ڕەنگی کۆنکرێت و/یان جۆرێتییەکەی؟**

هیچ پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ نییەلەنێوان جۆرێتی کۆنکرێت و ڕەنگی چیمەنتۆ. سەبارەت بەڕەنگی کۆنکرێت، لە ئەنجامیڕەنگ و ڕێژەکانی گشت پێکهاتەکانییەوەیەتی. چیمەنتۆ و لم و گشت گەردیلەکان کاریگەرییەکی یەکلاییکەرەوەیان هەیەلەسەر سێبەری کۆتایی کۆنکرێتی خاو. لەدۆخی ئەو کۆنکرێتانەی کەچارەسەرکردنی ڕووکەشیان بۆکراوە(وەك کۆنکرێتی شۆراو وکۆنکرێتی ناچالاك وکۆنکرێتی نەخشکراو وکۆنکرێتی پۆلیشکراو)، ڕەنگ پەیوەندی بەڕەنگی چەو ولم و دەنکەگەورەکانی لمەوەهەیە.
تێبینی ئەوەبکەکەتوێخی کۆنکرێت بەتێپەڕبوونی کات کاڵ دەبێتەوە،بەهۆی دیاردەی (بوون بەکاربۆن یان کاربۆنکردن carbonation)، وبەم شێوەیەجیاوازی لەنێوان جۆرەکانی چیمەنتۆدا نامێنێت.

**لافارج هۆڵسیم: چیمەنتۆی سپی ناوبانگێکی گەورەی هەیەلەهەندێك لەبازاڕەكاندا. ئایا چیمەنتۆی سپی تەنها بۆ مەبەستەکانی تەلارسازی بەکاردەهێنن؟**

کۆنکرێتی تەلارسازی بازاڕێکی گرنگەبۆ چیمەنتۆی سپی، بەڵام دەکرێت توخمەکانی کۆنکرێتی ڕازاوەزیاد بکرێت و بێگومان مۆرتەری وشکیش بەجۆرێك کەچیمەنتۆی سپی ڕێ دەدات بەکۆنترۆڵێکی فراوانی ڕەنگ بەپەیوەستبوونی لەگەڵ بۆیەکاندا (دەکرێت بەکارهێنانی سەرەکی بێت، بۆ نموونەوەك ئەوەی لەئەورووپایە). بەکارهێنانەکانی دیکەی، وەك کەرەستەی پێکەوەلکاندن بۆ جۆینتەکانی کاشی، هەروەها چیمەنتۆی سپی بەکاردەهێنێت.

**لافارج هۆڵسیم: ئەو پێوانەسەرەکییانەچین لەلای کڕیارانی چیمەنتۆ بۆ بڕیاردان لەسەر جۆری ئەو چیمەنتۆیەی بەکاری دەهێنن؟**




دیارەکەپێویستەکڕیار ڕەنگی ئەو چیمەنتۆیەی کەهەڵیدەبژێرێت فەرامۆش بکات مەگەر تایبەتمەندییەکی سەرەکی بێت بۆ بەرهەمەکۆتاییەکە. پێویستەکڕیار بەرهەمەکەلەسەر بنەمای تایبەتمەندی پێویست بۆ ئەو بەکارهێنانەی کەمەبەستێتی هەڵبژێرێت.
بۆ نموونەئاستی توانایی بەکارهێنانەکانی کۆنکرێتدیاری دەکات (توانای بەهێزبوونی خێرا بۆ قاڵبی ئامادەکراوprecast )، لەکاتێکدا پێویستەئەو چیمەنتۆیەی کەبەئاسانی شێوەوەردەگرێت و توانایەکی باشی هەیەبۆ هێشتنەوەی ئاو وهەروەها بەرهەڵستە بۆدروستبوونی درز خوازراوبێت بۆ دروستکردنی خانوو. ئامۆژگاریم بۆیان ئەوەیەکەپێویستەبڕواننەڕێنمایی و نامیلکەی تایبەت بەبەرهەمەکەلەلایەن بەرهەمهێنەری چیمە نتۆ کە و ە ئا ما د ە کـرا و ە .

| | L* | a* | b* |
|---|---|---|---|
| CEM I darkest grey | 52.8 | 0.7 | 10.3 |
| CEM I lightest grey | 64.7 | 0 | 10.5 |
| CEM II darkest grey (fly ash) | 50.8 | 0.2 | 7.4 |
| CEM II lightest grey (limestone) | 71.5 | 0.3 | 10.6 |
| White cement | 94.1 | 1.1 | 12.3 |



پێوانەی ڕەنگەکان: بریتییەلەبەها چیمەنتۆییەنموونەییەکان L*a*b* وئەو پەڵەڕەنگییانەی کەپێوەی بەندە.. L* ئەو نیشاندەرەیەکەبۆ بەراوردکردنی تاریکی چیمەنتۆکەبەکاردەهێنرێت (چەند L* نزمتر بوو، ئەوا چیمەنتۆکەتاریکتر دەبێت)



چیمەنتۆی کاڵتر (L*=62) vs چیمەنتۆی تاریکتر (L*=53)



# تاقیگەی کۆنکرێتی کارگەی چیمەنتۆی بازیان تواناکانی بەهێزتر دەکات بۆ خزمەتگوزاری باشتری کڕیارەکان

**تاقیگەی کۆنکرێتی بازیان کەلەساڵی 2011 دا دەستبەکاربوو، شانازی بەوەدەکات کەپێشکەوتووترین تاقیگەی کۆنکرێتەلەعێراقدا. پەرەبەتوانای تاقیگەکەدرا لەڕێی دامەزراندنی کەل وپەل و ئامێری تازەوەکەلەم دووابیەدا زیادکرابوو.**

ئازاد عمر، بەڕێوەبەری پشتگیریی تەکنیکی کەلێپرسراوی تاقیگەی کۆنکرێتی بازیانە، ڕایگەیاند کەتاقیگەکەتیمێکی ڕاهێنەری خاوەن شارەزایی بەرز بەڕێوەی دەبات، و پێوەرەتەکنیکییەنێودەوڵەتییەکان و خۆماڵییەکان پەیڕەو دەکات بۆ ئەنجامدانی تاقیکردنەوەکان، سەرباری جێبەجێکردنی یاسا و پێوەرەکانی تەندروستی و سەلامەتی لافارج عێراق لەنێو دەزگاکەدا بۆ کارمەند و میوانەکان.

ئازاد عمر هەروەها دڵێت: "ئامانجمان پێشکەشکردنی باشترین پشتگیریی تەکنیکییەبۆ گشت کڕیارەکانمان و چارەسەری گونجاو بەزووترین کات کەچالاکییەکانی کۆنکرێت لەلافارج و هەروەها کڕیارەکانی دیکەی چیمەنتۆی بەرهەمهێنەرانی کۆنکرێت دەگرێتەوە. تاقیگەکەمان بریتییەلەناوەندێکی توێژینەوەو تاقیکردنەوەی تایبەتمەند بۆ هەردوو بەرهەمی چیمەنتۆ و کۆنکرێت جگەلەوەی کەناوەندێکەبۆ پەرەپێدانی تواناکانی کارمەندان لەبواری کۆنکرێتدا، سەرباری ئەوەی کەئێمەپشتگیریی بۆ زانکۆ خۆماڵییەکان پێشکەش دەکەین بۆ ئامادەکردنی توێژینەوەزانستییەکان دەربارەی تایبەتمەندییەکانی کۆنکرێت".

ئەو یەکەی تاقیکردنەوانەی کەلەتاقیگەکەدان، هەڵدەستن بەئەنجامدانی تاقیکردنەوەکانی چەو و لم و چیمەنتۆ و کۆنکرێت و چارەسەرکردن لەسەر چەندین بنەمای جیاواز. بۆ نموونە، یەکەی تاقیکردنەوەی کۆنکرێت کار لەسەر داڕشتنی تێکەڵەکۆنکرێتییەکان دەکات بەپێی تایبەتمەندییەکۆنکرێتییەکان و بەهەندوەرگرتنی تێچوون و سەرەکیترین تایبەتمەندییەکانی کۆنکرێتی فرێش و ڕەقبوو. لەلایەکی دیکەوەیەکەی چارەسەرکردنی کۆنکرێت تانکەری چارەسەرکردن دەگرێتەوەبۆ چارەسەرکردنی خشتەکەکانی کۆنکرێت بەپێی پێوەرەخۆماڵی و نێودەوڵەتییەکان، بۆ پرۆژەجیاوازەکان.

سەربارەی ئەو تاقیکردنەوانەی کەلەتاقیگەدا ئەنجام دەدرێت، هەروەها تاقیکردنەوەلەشوێنکاری کڕیارەکان پێشکەش دەکرێت وەك دەرهێنان و تاقیکردنەوەی ناوکی هەڵکۆڵراوی کۆنکرێت و تاقیکردنەوەی خێرایی ترپەیاخود - پێوانەکردنی ترپە -لەکۆنکرێتدا (تاقیکردنەوەی سەروو دەنگی)، و تاقیکردنەوەی دیاریکردنی ژمارەی گەڕانەوەی شێوەی کۆنکرێتی ڕەقبوو (چەکوشی شمیدت).






# هۆڵسیمی سویسرا SUSTENO-BILITY بەهێزکراو لە چیمەنتۆ بۆ نموونەیەکی سەرەتایی سەرنجراکێش لەسەکۆی ئابوری جیهانی WEF پێشکەش دەکات

**زیادبوونی دەرپەڕاندنی غازەکان و کەمی سەرچاوەمرۆییەکان، ئەندازیارەتەلارساز و شارستانییەکان ناچار دەکەن پێداچوونەوەبەرێبازەکەیاندا بکەن بۆ کەرستەکانی بیناسازی.**

زیادبوونی دەرپەڕاندنی غازەکان و کەمی سەرچاوەمرۆییەکان، ئەندازیارەتەلارساز و شارستانییەکان ناچار دەکەن پێداچوونەوەبەرێبازەکەیاندا بکەنبۆ کەرستەکانی بیناسازی. هۆڵسیمی سویسرا لەپرۆژەیەکدا بەشداربووەکەلەلایەن تیمەکانی توێژینەوەی ETH Zurichسەرۆکایەتی دەکرێت بۆ تەرخانکردنی توانا زەبەلاحەکان لەکەرتی بیناسازیدا بۆ ئەو تەکنەلۆژیایانەی کەهانی بەکارهێنانی کاراتری کەرستەکان دەدات لەپێکهاتەکۆنکرێتییەکاندا.

بەتێکەڵەکەی کەبەتایبەتی دروستکراوەبۆ ئەو جۆرەکۆنکرێتەی کەتوانای ڕێکبوونەوەی هەیەو ئاسانەبۆ بەکارهێنان، هۆڵسیم بەشدارییەکی بەرچاوی لەپرۆژەی گروپی توێژینەوەی بلۆکدا کردووە. چیمەنتۆی Susteno 3R کەتازەگەشەی پێهێنراوەو کارایەلەبەکارهێنانی سەرچاوەکان بۆ نموونەیەکی سەرەتایی پێکهاتەیەکی کۆنکرێتی باریك بەکارهێنراوەکەلەژێر سەرپەرشتی پرۆفیسۆر فیلیب بلۆك دروستکراوە. پرۆفیسۆر بلۆك پرۆفیسۆرەلەETH Zurich و ئەندامەلەلیژنەی ئەکادیمیای دەزگای لافارج هۆڵسیم لەپەیمانگای فیدراڵی سویسری تەکنەلۆژیا لەزیوریخ ETH Zurich's Institute of Technology in Architecture.

سیستمی نهۆم و بنمیچی کارا لەڕووی گەرمییەوەلەگەڵ پێکهاتەیەکی کۆنکرێتی سووکدا توانا دەبەخشێت بەپاشەکەوتکردنی بەردەوام لەکەرستەکانی بیناسازیدا و هەروەها بەشێوەیەکی بەرچاو لەپێویستییەکانی وزەکەم دەکاتەوەبەهۆی سیستمی گەرمی و ساردی پێکەوەبەستراوەوە. نموونەیەك لەم پێکهاتەسووکەلەبەشی ETH لەسەکۆی ئابوری جیهانی لەداڤۆس نمایشکرا.

Susteno 3R کەبێهاوتایەلەسویسرا، بەشێکەلەکۆنکرێتی بەکارهاتوو لەم پرۆژەیەدا. لەگەڵیدا، تیمەکانمان داهێنانێکی دیکەبۆ کەرستەی بیناسازی بەردەوام پێشکەش دەکەن. Susteno 3R لەگەردیلەی تێکەڵی کوالیتی بەرز لەپرۆژەکانی تێکدانی بینا و پێکهاتەکاندا دروست دەکرێت و چیمەنتۆیەکی لێ بەرهەم دەهێنرێت کە بۆ یەکەم جارگشت لایەنەپێویستییەکانی بازنەی داخراوی کەرستەکان دابین دەکات.

تۆماس شمیدت، سەرۆکی بەشی بینا لەهۆڵسیمی سویسرا دەڵێت " پێکهاتەی ناسکی توخمی نهۆمەکان قورسایی گەورەدەخاتەسەر کۆنکرێتەکە. پێویستەهێندەشل بێت کەبەشی پڕکردنەوەی گشت قاڵبەکان بکات و لەهەمان کاتدا پێویستییەتوندەکانی جۆرێتی جێبەجێ بکات" .

## تێکەڵەیەکی کۆنکرێتی لەگەڵSusteno 3R بۆ HiLo

هۆڵسیمی سویسرا بەهاریکاری لەگەڵ گروپی توێژینەوەکانی بلۆك سەر بەETH Zurich، ئەم تێکەڵەیەی پێکهاتە کۆنکرێتییەکانی نموونەی سەرەتایی لەسەکۆی ئابوری جیهانی بۆ توخمەکانی بنمیچ لەپرۆژەی HiLo بەکاردەهێنێت کەوابڕیارەلەبەهاری 2019 دا لەبینای توێژینەوەکانی NEST لەEmpa و Eawag دەستبەکاربێت.

بۆ زانیاری زیاتر لەبارەی نموونەی سەرەتایی گروپی توێژینەوەی بلۆك لەETH Zurich سەردانی HYPERLINK "https://www.ethz.ch/en/die-eth-zuerich/globales/eth-global-news-events/2018/11/rethinking-design-at-eth-pavilion-during-wef-annual-meeting-2019/the-floor-is-yours.html" ئێرە بکە.

## Susteno

زانیاری زیاتر لەبارەی چیمەنتۆی کارا لەبەکارهێنانی سەرچاوەکان Susteno لە HYPERLINK "https://www.holcimpartner.ch/de/know-how/spezialprodukte/susteno"Holcim Partner.netبزانە.

ئەمەش ئەو شێوازەیەکەبەرهەمەداهێنەرەکانمان HYPERLINK "https://www.holcimpartner.ch/de/know-how/spezialprodukte/susteno_evopact" بازنەی کەرستە نوێکان دادەخەن.

## HiLo

پرۆژەی HiLo سەرنج دەداتەجێبەجێکردنی بەرهەمی ئەدا بەرز (Hi) لەگەڵ بەکارهێنانی نزمی ووزەو کاریگەری نزمی کاربۆن (Lo) لەبەرهەمهێنانی پێکهاتەی زۆر سووکدا وهەروەها لەچالاکییەکانی دروستکردندا کە کارایەلەپاشەکەوتکردنی سەرچاوەکاندا. سێ گروپی توێژینەوەی ETH لەم پرۆژەیەدا بەشدار دەبن: گروپی توێژینەوەی بلۆك و پرۆفیسۆر دکتۆر فیلیب بلۆك/ ئەندازیاری تەلارسازی و سیستمەکانی بیناسازی، و پرۆفیسۆر دکتۆر ئەرنۆ شلۆتەر/ تەکنەلۆژیای بیناسازی ژمارەیی و پرۆفیسۆر دکتۆر بنیامین دیلینبێرگەر. دەتوانی زیاتر لەبارەی پرۆژەی HYPERLINK "https://www.ethz.ch/de/news-und-veranstaltungen/medien/hintergrundinformationen/HiLo.html"HiLo لەماڵپەڕی ETH بزانیت.



# گرێبەستێك بۆ دروستکردنی ڕێگەیەکی خێرای نوێ لەکەنەدا

کۆمپانیای لافارج هۆڵسیم چەند گرێبەستێکی ژێرخانی بەدەستهێنا بەبەهای زیاتر لە100 ملیۆن دۆلاری کەنەدی،وەك بەشێك لەپرۆژەیەکی سەرەکی بۆ چاککردنی ڕێگا گشتییەکان لەڤانکۆڤەر لەکەنەدا. ناوچەی ڕێگای خێرای ژمارە1 ڕاڕەوێکی ناوخۆیی و هەرێمی و ناوچەییەبۆ خەڵك و خزمەتگوزاری و کەل وپەلەکان.

لافارج دەبێتەبەڵێندەری سەرەکی ئەم پرۆژەیەکەلەلایەن وەزارەتی گواستنەوەو ژێرخانی ئابوری لەکۆڵۆمبیای بەریتانییەوەبەخشراوەو چارەسەرێکی گشتگیر پێشکەش دەکات بەپشتبەستن بەشارەزایی بەرفراوانی لەبواری پشتگیریکردنی پرۆژەسەختەکانی ژێرخان. گرێبەستەکان بوار بەلافارج هۆڵسیم دەدەن بەشی گرێبەست لەکەرتی چارەسەر و بەرهەمەکانی بەهێز بکات.

ڕینێ تیبۆڵت، سەرۆکی ناوچەی ئەمریکای باکوور دەڵێت: "ئێمەزۆر بەپەرۆشین بۆ پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری بەڵێندەرایەتی گشتی لەم نوێکردنەوەگرنگەی ژێرخاندا کەگەورەترین پرۆژەی بەڵێندەرایەتی گشتییەکەلەلایەن لافارج هۆڵسیم لەئەمریکای باشووردا بەڕێوەدەبرێت.

توانیمان چارەسەرێکی گشتگیر بۆ یەکێك لەبەردەوامترین پرۆژەکانی ڕێگاوبان لەکەنەدا پێشکەش بکەین. پرۆژەکەشارەزاییمان لەبیناسازیدا بەرجەستەدەکات بەسوود وەرگرتن لەتۆڕێك لەشارەزایان لەچەندین وڵاتدا کەتوانای پێشکەشکردنی چارەسەرەکانیان هەیەهەر لەچاککردنی ڕێگاوبانەوە تاکو چارەسەرەکانی زەوی و تەکنیکەکانی پوختەکردن وسەرلە نوێ بەکارهێنانەوەی بەردەوام".

لافارج هۆڵسیم چارەسەرێکی گشتگیری پێشکەشکرد بۆ پرۆژەی ڕێگای خێرای ژمارە1 بەپشتبەستن بەچەندین بەرهەم و خزمەتگوزارییەوە. چەو ولمی دووبارەبەکارهاتوو کە بەرهەم دەهێنرێت لەئەنجامی گۆڕینی پاشماوەی بیناکردن و ڕوخاندنی بینا بۆ کەرەستەی نوێ ڕێ لەفیڕۆدانی زیاتر لە200,000 تەنپاشماوە دەگرێت. جگەلەوەش لەگەڵ بوونی ماددەی تەواوکەری چیمەنتۆ کەتایبەتمەندییەخواستراوەکانی کۆنکرێت بەهێز دەکات، توندییەکی درێژخایەن بۆ ڕێگا خێراکە گەرەنتی دەکرێت. هەروەها لافارج هۆڵسیم بۆ پەرەپێدانی زیاتری جۆرێتی و متمانە، ئامێری هەستەوەر لەنێو دیوارەکانی یەکتربڕەکاندا دادەنێت کەچاودێری تێکردنی کۆنکرێت دەکات. بەکارهێنانی ئەم هەستەوەرانەلەکاتی بیناکردنکەم دەکاتەوەبەهۆی پەرەپێدانی پرۆسەی لابردنی قاڵبەکان.
بەسوودوەرگرتن لەتۆڕەلۆجستیکییەکەیەوە کەهەروەها سەرمایەدەریاییەکانیشی دەگرێتەوە، لافارج هۆڵسیم کەرەستەی گواستنەوەی کاریگەر و هاوڕێ بۆ ژینگەپێشکەش دەکات لەڕێی کەشتی گواستنەوەکەدەبێتەهۆی کەمکردنەوەی گواستنەوەبەبارهەڵگر بۆ شوێنی کارکردن.

چاوەڕوان دەکرێت پرۆژەکەلەساڵی 2021 تەواو ببێت.



# گراند پاریس

## لافارج هۆڵسیم چەند گرێبەستێك دەباتەوەکەتایبەتەبەگەورەترین پرۆژەی ئەوروپی ژێرخانی گواستنەوەلەپاریس

لافارج هۆڵسیم چەند گرێبەستێکی سەرەکی درێژخایەنی بەبەهای 110 ملیۆن یۆرۆ پێدەبەخشرێت وەك بەشێك لەپرۆژەی گراند پاریس ئیکسپرێس (GPE). پرۆژەی گراند پاریس ئیکسپرێس گەورەترین پرۆژەی ژێرخانی گواستنەوەیەلەئەوروپا وسەرمایەکەی دەگاتە38.5 ملیار یۆرۆ. پرۆژەکەپێویستییەگەشەپێدراوەکانی شارەکەبۆ ژێرخانێکی پەرەپێدراوی گواستنەوەدابین دەکات و هەروەها شاری پاریس بۆ یارییەئۆڵۆمپییەکانی ساڵی 2024 ئامادەدەکات.
بۆ یارمەتیدانی جێبەجێکردنی 200 کیلۆمەتر هێڵی ئاسنینی نوێ و 68 وێستگەی هێڵی ئاسنینی پێشبینیکراو بۆ پرۆژەی گراند پاریس ئیکسپرێس، لافارج هۆڵسیم بڕی 600,000 تەن چەو ولم و 260,000 تەن چیمەنتۆ پێشکەش دەکات بۆ بەرهەمهێنانی 650,000 مەترسێجا لەکۆنکرێتی ئامادەکراو. لافارج هۆڵسیم کەشتی گەورەبەکاردەهێنێت لەسەر ڕووباری سین بۆ بەڕێوەبردنی بەردەوامی بڕی خاکی هەڵکەنراو کەکێشی هێندەی شەش جار کێشی بورجی خلیفەیەکەبەرزترین بینایەلەجیهاندا.

جان جینیش، سەرۆکی جێبەجێکار ڕایگەیاند: "ئێمەشانازی دەکەین بەوەی کەئێمەهاوبەشێکی سەرکین لەم پرۆژەمێژوویەدا. ئێمەلەمیانەی ئەم هاوبەشییەدا پێشەنگیمان لەپیشەسازی کەرەستەی بیناسازی بەرجەستەدەکەین کەبەشداربوونێکی بەردەوام دەبێت لەچاککردنی ئەزموونی گواستنەوەبۆ ئەو کەسانەی کەلەپاریسدا دەژین و کاردەکەن. پرۆژەکەجارێکی تر توانا و ڕاستگۆییمان دەسەلمێنێت لەپێشکەشکردنی بڕێکی زۆری کۆنکرێتی جۆرێتی بەرز و هەروەها توانامان بۆ پێشکەشکردنی چارەسەری لۆجستی و دابینکردنی کاریگەر. وەك بەشێك لەستراتیجییمان بۆ ساڵی 2022 "بیناکردن بۆ گەشەکردن" ئێمەپابەندین بەگەشەپێدانی کەرتەکانی چەو ولم و کۆنکرێتی ئامادەکراو، و پرۆژەی گراند پاریس ئیکسپرێس یەکێکەلەئاماژەدەرەسەرەکییەکانی جێبەجێکردنی ئەم پابەندبوونە".
بۆ ئەوەی پابەندبین بەخشتەی جێبەجێکردنی ئەم پرۆژەپڕ لەئەلنگارییە، لافارج هۆڵسیم کارگەی کۆنکرێتی ئامادەکراوی جوڵاوی بۆ تۆڕی کۆنکرێتی ئامادەکراوی خۆی لەپاریسدا زیادکردوەکەبوار دەڕەخسێنێت بۆ بەرهەمهێنانی 300 مەترسێجا لەکاژێرکدا بۆ پرۆژەی گراند پاریس ئیکسپرێس. لافارج هۆڵسیم هەروەها هەڵدەستێت بەلابردن و چارەسەرکردنی لانی کەم، 3 ملیۆن تەن لەزەوی لەشوێنی پرۆژەکەدا وپاشان ماددەهەڵکەنراوەکان بۆ دووبارە دروستکردنەوەی کانەبەردەنزیکەکان بەکاردەهێنێت. وبە مەبەستی گواستنەوەی چەو ولمی هاتوو لەکانەبەردەنزیکەکان لەڕووباری سین و زەوییەهەڵکەنراوەکان، لافارج هۆڵسیم کەشتی گەورەبەکاردەهێنێت لەسەر ڕووباری سین. ئەم چارەسەرەکاراترین و بەردەوامترین چارەسەرەوەك لەگواستنەوەی وشکانی چونکەدەشێت تەنها دوو کەشتی هێندەی باری 220 بارهەڵگر بگوازێتەوە. بەمەش لافارج هۆڵسیم ڕووبەڕووی ئەلنگارییەکی دیکەدەبێتەوەکە بریتییەلەگواستنەوەی بڕی زۆر کەرەستەلەنێو ناوچەیەکی شارستانی کەحەوت ملیۆن کەسی تێدا دەژی.
بەپێی ئەم گرێبەستە لافارج هۆڵسیم بەردەوام دەبێت لەدابینکردنی چەو و لم و کۆنکرێت بۆ بازاڕی فەڕەنسی هەر وەك چۆن بۆ زیاتر لەسەد ساڵ بەردەوام بووە. کۆمپانیاکەئامانجی وایەکەبەدرێژایی پانزەساڵی داهاتوو لەپرۆژەی گراند پاریس ئیکسپرێس دا ئیش بکات.



# خەڵاتەکانی LafargeHolcim

www.lafargeholcim-awards.org

پێشبڕکێکە لە 4ی حوزەیرانی 2019وە دەستپێدەکات تا 25ی شوباتی 2020 بەردەوام دەبێت

خەڵاتە نێودەوڵەتییەکانیLafargeHolcim ئەو پرۆژە و چەمکانە بەرز دەنرخێنێت کە داهێنەرن لە ئایندەدا وبیرۆکەی دیزاین و بیناسازی بەردەوامن لە گشت قۆناغەکاندا.

پێشبڕکێکە کراوەیە بۆ گشت لایەنە پەیوەندیدارەکان بە درێژایی زنجیرەی بەهای بیناسازی و ٢ ملیۆن دۆلاری ئەمریکی وەک پاداشتی نەقدی پێشکەش دەکات.

خەڵاتەکانی لافارج هولسیم



ڕابەرێکی خێرا

# خەڵاتەکانی LafargeHolcim

## ڕێبەرێکی خێرا بۆ پێشکەشکردن بۆ خەڵاتەکان

### ئەو پرۆژانە چین کە دەکرێت پێشکەش بکرێن؟

پێنجەمین خەڵاتی جیهانی LafargeHolcim بایەخ بەو پرۆژە و پێشبینییانە دەدات کە بەشداری دەکات لە دابینکردنی ژینگەی دروستکراوی بەردەوامتر وتایبەتمەندییەکانی 2 ملیۆن دۆلاری ئەمریکییە. ئەم پرۆژەیە کراوەیە لە بەردەم پرۆژەکانی تەلارسازی، و بیناسازی و ئەندازیاری شارستانی و دیمەنی سروشتی و دیزاینی شارستانی و تەکنەلۆژیای کەرەستە و بەرهەم و بیناسازی کە بەشدار دەبن لە هەر ئەو پێنج "کێشانەی کراونەتە ئامانج" بۆ بیناسازی بەردەوام:
www.lafargeholcim-awards.orgltarget

**کێبڕکێکە دوو جۆر لە خۆ دەگرێت لەگەڵ ئەم پێویستییە سەرەکییانەی لای خوارەوە:**

خەڵاتەکانی LafargeHolcim [جۆری سەرەکی]:

- ئەو پرۆژانەی کە گەیشتونەتە قۆناغێکی پێشکەوتوو لە دیزاین لەگەڵ ئەگەری بەرزی جێبەجێکردن.
- وا باشە جێبەجێکردنی پرۆژەکە پێش 6 حوزەیران 2019 دەستی پێ نەکردبێت.
- پێویستە خاوەن پرۆژەکان تەمەنیان کەمتر لە 18 ساڵ نەبێت [لە دایک بوی 25 شوبات 2001 یان پێشتر].

**نەوەی داهاتوو [پیشەوەران و خوێنکاران]:**

- پرۆژە پێشنیارکارەکان و بیرۆکە بوێرەکان
- پێویستە تەمەنی گشت خاوەن پرۆژەکان لە نێوان 18 و 30 ساڵ بێت [ڕۆژی لە دایکبوونیان لە نێوان 4 حوزەیران 1987 و 5 شوبات 2001 دا بێت]
- باشتر وایە دەست نەکرابێت بە جێبەجێکردنی پرۆژەکە [ئەگەر هەبوو] پێش 6 حوزەیران 2019.

### چۆن پێشکەش دەکرێت بۆ کێبڕکێکە؟

- پێویستە پێشکەش کردن [ناونووسین] بە ئینگلیزی بێت بە بەکارهێنانی فۆرمی ئۆنلاین
www.lafargeholcim-awards.org/enter
- دووا مۆڵەت بۆ پێشکەشکردن ڕۆژی 25 شوبات 2020 کاتژمێر 14:00 نیوەڕۆ [بە کاتی جیهانی]

پێویستیە سەرەکییەکان:

- ناوی خاوەن پرۆژە و ناونیشانی پەیوەندیکردنی گشت ئەندامانی تیم
- ووردەکارییە تەکنیکییەکان: شوێن، ڕەهەندەکان، کەرەستەکان، تێچوون، و داتای سەرەکی تر.
- کورتەی پرۆژەکە: باکگراوند و بیرۆکەی پرۆژەکە [تێکستێک کە دەگاتە 800 کارەکتەر]
- بەیاننامە دەربارەی بەردەوامبوون: کاردانەوە بۆ " کێشە بە ئامانجکراوەکان" بۆ بیناسازی بەردەوام [3 بەیاننامە کە دەگاتە 800 کارەکتەر بۆ هەر یەکێکیان]
- 5-10 وێنە بۆ پرۆژەکە [وێنەی دیقەت بەرز لەگەڵ سەردێڕ]
- وێنەی خاوەن پرۆژە/ تیم [وێنەی دیقەت بەرز لەگەڵ سەردێڕ]

ڕێبەری هەنگاو بە هەنگاو

- ڕێبەرێکی تێروتەسەل گشت هەنگاوەکان و پێویستییەکانی پرۆسەی پێشکەشکردن ڕوون دەکاتەوە لە سەر ئەم ناونیشانە:
www.lafargeHolcim-awards.org/guide

### چۆن براوئکان هئلڈئبژێردرێن؟

پرۆژەکان هەڵدەسەنگێنرێن و خەڵات دەکرێن بە گوێرەی شوێنەکانیان لە پێنج ناوچەی جوگرافییدا:
ئەروپا، ئەمریکای باکور، ئەمریکای لاتین، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەفریقیا و ئۆقیانۆسی ئاسیا.
دادوەرەکان [دەستەی هەڵسەنگاندن]:
لە هەموو ناوچەیەکدا، دەستەیەکی هەڵسەنگاندن، کە لە شارەزایانی بێلایەن پێکدێت، لە لایەن زانکۆیەکی تەکنیکی بەناوبانگی جیهانییەوە میوانداری دەکرێت، و هەڵسەنگاندن بۆ گشت داواکارییەکان دەکات:
www.lafargeholcim-awards.org/juries

خەڵاتی دارایی:
کۆی گشتی خەڵاتەکە بۆ هەر خولێکی کێبڕکێکە دەکاتە 2 ملیۆن دۆلاری ئەمریکی. خەڵاتی دارایی بۆ هەر کێبڕکێیەکی هەرێمی 330،000 دۆلاری ئەمریکییە، کە 70،000 دۆلاری بۆ خەڵاتەکانی نەوەی داهاتوو تەرخانکراوە.
خەڵاتەکان، پێزانینەکان و خەڵاتەکانی نەوەی داهاتوو لە ئاهەنگێکی تایبەت لە هەرێمەکانی: ئەورووپا، ئەمریکای باکور، ئەمریکای لاتین، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەفریقیا و ئۆقیانۆسی ئاسیا دابەش دەکرێن لە نێوان ئەیلول و تشرینی دووەمی 2019 دا. خەڵاتی دارایی خەڵاتە جیهانییەکانی LafargeHolcim بۆ ساڵی 2020 دەکاتە 350،000 دۆلاری ئەمریکییە.
براوەکان لە پرۆژە یەکەمەکانی کێبڕکێ هەرێمییەکان هەڵدەبژێردرێن لە ساڵی 2019 دا.




# پەرۆشییەك بۆ پەرەپێدانی شارستانی

## پرۆژەبراوەکەی خەڵاتی لافارج هۆڵسیمی جیهانی وەك " باشترین دەستێخستنی تەلارسازی ئەم ساڵ بۆ شاری مەکسیکۆسیتی" پاداشتکرا

قۆناغـە سـەرەکییەکانی دروسـتکردنی Hyrdropuncture: پارکـی لاکوێبرادۆرای ئـاوی لەئیزتاپالاپا، لەشـاری مەکسیکۆسـیتی تەواوبـوو. پرۆژەی بـراوەی خەڵاتـی ئاڵتونـی بـۆ سـاڵی 2018 بەرجەسـتەی گۆڕانکارییـەك دەکات لەنموونـەی بەڕیوەبردنـی ئـاودا، و لەلایـەن مانوێـل پێرلـۆ - لەپەیمانگـەی توێژینـەوەی کۆمەڵایەتـی (IIS) لەزانکـۆی نیشـتیمانی سـەربەخۆ لەمەکسـیك (UNAM) لەگـەڵ ئەندازیـاری تەلارسـازی لۆریتـا کاسـترۆ لـە Taller Capital بەڕێوەدەبرێـت. لەپـاش بەدەسـتهێنانی بەرزتریـن خەڵاتـی لافـارج هۆڵسـیم، پرۆژەکەهەروەهـا خەڵاتـی PremioCiudadی بەدەسـتهێنا وەك باشـترین دەستێخسـتنی تەلارسـازی ئـەم سـاڵ بـۆ شـاری مەکسیکۆسـیتی لەمانگـی تشرینـی دووەمـی 2018 دا.

پرۆژەکەڕێـڕەوی ئـاوی بـاران دەگۆڕێـت لەناوچـەی سـییرا دیسـانتا کاتارینـا بـۆ ڕێگرتـن لەکەوتنەوەی لافاو لەشـارەکان کەبەشـێوەیەکی ئاسـایی جـادەی ئەرمیتـا ئیزتاپالپـا دادەپۆشـێت. هەروەهـا پـرۆژەی Hydropuncture جۆرێتـی ئـەو ئاوەچـاك دەکاتکەدزەبۆژێـر خـاك دەکات و بەرێـژەی %35 بـڕی ئـەو ئاوەزیـاد دەکات بـۆ پڕکردنـەوەی ئـاوی ژێـر زەوی. ئـاوی بارانـی گیـراو کەلەسـەر ڕووی زەوی دەڕوات لەڕێـی سیسـتمێکی تێکـەڵاو لەگۆمـی بایەلۆجـی ناهەوایـی و زەلکاوەکانەوەچارەسـەر دەکرێـت. ژێرخانـی بەڕێوەبردنـی ئـاو هەروەهـا بۆشـایی گشـتی و ڕابـواردن و پێکەوەژیـان و دیمەنـی سروشـتی دروسـت دەکات کەچێـژ لەئـاو وەردەگرێـت، و لەهەمـان کاتـدا یارمەتـی پێشـکەش دەکات بـۆ چارەسـەرکردنی کێشـەکانی ئـاو لـەم ناوچەیـەدا کەناوچەیەکـی دژوارە لەبـەر کەمـی ئـاوی خواردنەوەلەلایەکـەوە، وبوونـی لافـاو لەشـارەکاندا لەلایەکـی دیکـەوە.

ناوچەکەڕووبـەری گشـتی دیاریکـراو بـۆ دانیشـتوان- کەژمارەیـان دەگاتـە28,000 نیشـتەجێبوو- بـۆ سـێ مەتـر دووجا بـۆ تاکێك زیاد دەکات و ژمارەی دارەکان بۆ سێ جار زیـاد دەکات. هەروەهـا پارکەگشـتییەکەهانی کلتورێکـی شارسـتانی دەدات بـۆ ڕێزگرتنـی ئـاو کـە ئەمەشـتێکی زۆر گرنگەبـۆ پەرەپێدانـی توانـای مەکسیکۆسـیتی بـۆ جێبەجێکردنـی شـارەزایی بەردەوامـی بەکارهێنانـی ئـاو. ترۆمپاکانـی ئـاو و ڕووناکـی گشـتی لەڕێـی پانێڵـی خـۆرەووەزەی بـۆ دابیـن دەکرێـت لەشـوێنی پرۆژەکـەدا.


لەپـاش هەڵبژاردنـەکان و ئـەو ئەنجامانـەی کەبوەهـۆی گۆڕانـکاری لەداڕشـتنی قەوارەحکومییـەکان لەشـاری مەکسیکۆسـیتی، لەکانونـی یەکەمـی 2018 ڕێنمایـی بـۆ ئۆفیسـی سـەرۆکی شـارەوانی ئیزتاپالاپا دەرچـوو بـۆ ڕاگرتنـی پـرۆژەی پارکـی لاکویـبرادۆرا لۆجیـکاڵ بەهـۆی بوونـی کەلێـن لەتوێژینـەوەو بەڵگەنامـە پەیوەندیـدارەکان کەپێدەچێـت ونبووبێـت بەهـۆی پشتگوێخسـتنیان لەلایـەن ئیـدارەی خۆماڵـی پێشـووەوە. کێشـەئیدارییەکان لەپرۆسـەی چارەسـەرکردندایەبۆ ئـەوەی بتوانرێـت ئـەم پرۆژەیـە تـەواو بکرێتکەلەلایـەن دەسـتەی دادوەرانـی جیهانییەوەستایشـکراوەبەوەی کە"گرنگـی ئـاو وەك سـەرچاوەبۆ شارسـتانێتی دەخاتـەڕوو".



# کۆمەڵگا



## لافارج عێراق تیمێکی گەنجی هەیە خۆی بەتەواوەتی بۆ خزمەتگوزاری پەیوەندی کڕیارەکان تەرخانکردووە



ڕەنگە لافارج تەنها کۆمپانیای تایبەتمەند بەکەرەستەکانی بیناسازی بێت کەخاوەن تیمێك بێت کەبەتەواوەتی بۆ خزمەتگوزاری پەیوەندی کڕیارەکان تەرخان کرا بێت. تیمەکە لە9 گەنج پێکهاتووەکەبەپاراوی بەزمانەکانی عەرەبی و کوردی و ئینگلیزی قسەدەکەن. کارەکەیان بریتییەلەگوێگرتن لەکڕیارەکان بەبایەخەوەو تێگەیشتن لەپێداویستییەکانیان و ئاگادارکردنی کەسانی پەیوەندیدار لەکۆمپانیاکەبۆ دەستبەجێ دۆزینەوەی چارەسەر بۆ کێشەکانیان.



لەچەپەوەبۆ ڕاست: پەری رؤوف، شڤان مقداد، پروشەمحمود، ئەریڤان کامەران، لینا حاجی، ئارام غریب، پەروەر محمد، ئاراس أنور، و شیلان ئومید



## "لافارج عێراق گرنگی بەدەستهێنانی ڕەزامەندی کڕیارەکانی فێرکردم"

علی طالب عبد الله/ تاجیات (بەغداد) – بەڕێوەبەری کارگەی کۆنکرێتی ئامادەکراو

وەك ئەندازیاری شارستانی زانکۆی تەکنەلۆژیم تەواوکرد. لەساڵی 2018 دا لەلافارج دەست بەکاربووم. لافارجم هەڵبژارد لەبەر ئەوەی کۆمپانیایەکی جیهانییەو ئەلنگاری نویٚ پێشکەش دەکات و یارمەتیم دەدات بۆ پێشکەوتن لەبواری پیشە ییمدا .
من لێپرسراوم لەبەڕێوەبردنی کەرەستەی خاو لەکارگەکەدا و هەروەها دابینکردنی کۆنکرێت و جۆرێتی و چاودێریکردنی پرۆسەی چاکسازی (کارگەو تێکەڵکەر و ترۆمپا و وزەبەرهەمهێنەرەکان). هەرچەندەلەگەڵ چەندین کۆمپانیای خۆماڵی و جیهانیدا کارم کردوە بەڵام پرۆگرامەکانی تەندروستی و سەلامەتی لافارج لەنێو باشترین پێوەرەکانی ئەو کۆمپانیانەدایەکەلەگەڵیاندا کارم کردوەبەهۆیئامانجی نەهێشتنی ڕووداو. وەك تیمی کۆنکرێتی ئامادەکراوی لافارج عێراق لەبینای تایبەت و گشتیدا کار دەکەین و ئەوەی جیامان دەکاتەوەلەگەڵ کۆمپانیاکانی دیکەئەوەیەکەئێمەبایەخ بەجۆرێتی و بودجەو کات و بوار و سەرچاوەو مەترسییەکان دەدەین لەپێناوی بەدەستهێنانی ڕەزامەندی کڕیارەکانمان.

ONE TEAM
ONE DIRECTION



## "شانازی دەکەم بەبایەخی گەورەی لافارج بەتەندروستی و سەلامەتی"

فاضل طارق
نوێنەری فرۆشتنی تەکنیکی- بەغداد

بەشی ئەندازیاری میکانیك لەزانکۆی المستنصریەی بەغدادم تەواوکرد. پێش ئەوەی بێمەلافارج لەساڵی 2013 ئەزموونی دوو ساڵ کارکردنم هەبوو. لەچەندین پۆست و لێپرسراوێتی بەشداربووم بەدرێژایی 6 ساڵی شارەزایم لێرەدا. وەك ئەندازیاری جێبەجێکردنی چاکسازی میکانیك و ئەندازیاری میکانیکی پرۆژەلەبەشی ئاشی ماددەخاوەکان و شکێنەر و هەروەها هێڵی سووتاندن دەست بەکاربووم.

کارکردن لەلافارج عێراق یارمەتی دام بۆ ئەوەی پەرەبەخۆم بدەم نەك تەنها لەچالاکییەکانی چاکسازیدا، بەڵکو هەروەها لەبەشدارکردنی زانیاری و شارەزایی کەسانی جیاواز کەڕابردووی جیاوازیان هەیە. بایەخی لافارج بەتەندروستی و سەلامەتی یەکێکەلەو شتانەی کەشانازی پێوەدەکەم. بەگەڕخستنەوەی کارگەی چیمەنتۆی کەربەلا کاریگەری بنچینەیی هەیەلەسەر بازاڕی خۆماڵی ناوچەکە.





## "شانازی دەکەم بەکارکردنم لەژینگەیەك و دەزگایەکی پیشەیی وەك لافارج عێراق"

فاضل طارق
سەرپەرشتیاری بەشی فرۆشتن - کەرخ

لە حوزەیرانی 2015 دا لە لافارج عێراق وەك نوێنەری فرۆشتنی تەکنیکی دەستبەکاربووم. بڕوانامەی ماستەرم هەیە لە ئەندازیاری بیناسازیدا لە بەشی ئەندازیاری بیناسازی لە زانکۆی تەکنەلۆجی لە بەغداد.

پێش دەستبەکاربوونم لە لافارج عێراق لە ساڵی 2013 وەك بەڕێوبەری سایت لە پرۆژەیەکی ستراتیجی "سیفۆنی شط العرب" کارم کردووە. هەروەها لە ساڵی 2014لە کێڵگەی نەوتی بەدرە وەك ئەندازیاری بیناسازی کارم کردووە.

شانازی دەکەم بە کارکردنم لە ژینگەیەك و دەزگایەکی پیشەیی وەك لافارج عێراق. کارکردن لە لافارج تا ڕادەیەکی زۆر ئەزموونێکی نایابە کە تیایدا بە دڵسۆزی کاردەکەین بۆ زاڵبوون بەسەر ئەلنگارییەکاندا بە تایبەتی لە بەشی فرۆشتن. پرۆفایلی کڕیارەکانمان بە تەواوەتی جیاوازن و هەروەها بارودۆخی بازاڕ لە گۆڕانی خێرادایە، بۆیە پێویستە بە چەند شێوازێکی جیاواز پشتگیری کڕیارەکانمان بکەین هەرکات پێویستیان بە یارمەتی بێت. ئەمەش نەك تەنها بەرهەمەکان دەگرێتەوە بەڵکو هەروەها پشتگیریی تەکنیکیش کە تایبەتمەندیمان پێ دەبەخشێت و ڕەزامەندی کڕیارەکانمان بەدەست دەهێنێت.



## "ئەو شارەزاییەی کەلەلافارج عێراق پەیدامکردووە زۆر بەنرخەوبەهایەکی زۆری بۆ دۆسییەی پیشەییم زیادکردووە"

بڕوا طه أحمد
ئەندازیاری پێشکەوتوو – هاڕین و بەکیسەکردنی چیمەنتۆ – کارگەی بازیان

وەك ئەندازیاری شارستانی زانکۆی تەکنەلۆژیم تەواوکرد. لەساڵی 2018 دا لەلافارج دەست بەکاربووم. لافارجم هەڵبژارد لەبەر ئەوەی کۆمپانیایەکی جیهانییەو ئەلنگاری نویٚ پێشکەش دەکات و یارمەتیم دەدات بۆ پێشکەوتن لەبواری پیشە ییمدا .
من لێپرسراوم لەبەڕێوەبردنی کەرەستەی خاو لەکارگەکەدا و هەروەها دابینکردنی کۆنکرێت و جۆرێتی و چاودێریکردنی پرۆسەی چاکسازی (کارگەو تێکەڵکەر و ترۆمپا و وزەبەرهەمهێنەرەکان). هەرچەندەلەگەڵ چەندین کۆمپانیای خۆماڵی و جیهانیدا کارم کردوە بەڵام پرۆگرامەکانی تەندروستی و سەلامەتی لافارج لەنێو باشترین پێوەرەکانی ئەو کۆمپانیانەدایەکەلەگەڵیاندا کارم کردوەبەهۆیئامانجی نەهێشتنی ڕووداو. وەك تیمی کۆنکرێتی ئامادەکراوی لافارج عێراق لەبینای تایبەت و گشتیدا کار دەکەین و ئەوەی جیامان دەکاتەوەلەگەڵ کۆمپانیاکانی دیکەئەوەیەکەئێمەبایەخ بەجۆرێتی و بودجەو کات و بوار و سەرچاوەو مەترسییەکان دەدەین لەپێناوی بەدەستهێنانی ڕەزامەندی کڕیارەکانمان.

# براوەکانی

# کێبڕکێی نیشتەجێبوون لە موسڵ

## کێشەی نیشتەجێبوون لەعێراقدا چارەسەر دەکەن

لەعێراق و لەگەڵ گەڕانەوەی نزیکەی 900,000 کەس بۆ شاری موسڵ، ئاوارەگەڕاوەکان بۆ زێدی باوباپیرانیان تەنها وێرانکاری دەبینن. ئامانجی خەڵاتی (التميز – هەڵکەوتوویی) - رفعت چادرچی ڕاکێشانی سەرەنجی هۆشیاری و شارەزاییە جیهانییەکانە بۆ چارەسەری ئەو کێشەکۆمەڵایەتییانەی کەڕووبەڕووی عێراق دەبێتەوەلەڕێی دیزاینەوە.

بابەتی ئەمساڵ "بونیاتنانەوەی ناوچە ئازادکراوەکانی عێراق: کێبڕکێی نیشتەجێبوون لەموسڵ" داوای لەبەشداربووان کرد دیزاینی یەکەی نیشتەجێبوونی سەرەتایی بەتێچوونێکی کەم پێشکەش بکەن. پێشنیارەبراوەکانی نیشتەجێبوون کەدەستەی دادوەران هەڵیبژاردووەسەرنجڕاکێشن و شیاون‌بۆ جێبەجێکردن بەزیادکردنی قەبارەو چڕی. کێبڕکێکە223 داواکاری لە42 وڵاتەوەوەرگرت. باشترین 20 بەشداری لەپێشانگایەکی گەڕۆکدا دەخرێنەڕوو کەسەردانی عەممان و بەغداد و بوستن و بەیروت و میلان و لەندن دەکات. زیاتر لەم بارەیەوە بخوێنەرەوە بۆ زانینی هەرسێ پێشنیارەبراوەکەو حەوت پێشنیارەکەی دیکەکەخەڵاتی ڕێزلێنانیان پێ بەخشرا.

خەڵاتی رفعت چادرچی ناوی لەتەلارساز و توێژەر و نووسەری عێراق دکتۆر رفعت چادرچی وەرگرتوە. کارەکانی چادرچی لەئەندێشەو پرۆژەکانی بیناسازیدا لەبواری ژینگەی دروستکراودا کاریگەری هەبووەو لەئەمڕۆدا گرنگییەکی زۆری هەیە. دامەزرێنەری خەڵاتی (التميز – هەڵکەوتوویی) أحمد المالكی دەڵێت: "گشت ئەو بیرۆکانەی بەشدارییان لەم کێبڕکێیەکردوەو وەڵامی تەنگژە مرۆڤایەتییەکان دەدەنەوەبایەخێکی زۆریان هەیەو سەرنجڕاکێشن. ئەم کێبڕکێیەبەهاکەی لەوەدایەکەدۆخی سەخت و دژوار بەرجەستەدەکات بەڵام لەڕوانگەیەکی گەشبینی لۆژیکییەوە. هەرچەندەکێبڕکێکەتەواوبووەبەڵام کارمان لەئێستادا دەستپێدەکات بۆ یارمەتیدانی ئەو ڕێکخراوانەی کەلێپرسراون لەئەرکەکانی ئاوەدانکردنەوە".



## پلەی یەکەم:

### نیشتەجێبوون - ANNA OTLIK -
### ڕۆکلۆ (فروتسواف)، پوڵەندا

پرۆژەی نیشتەجێبوونی هەمە جۆر و پێشکەوتوو کە لەلایەن (ئانا ئۆتلیك)ەوە پێشنیارکراوە پێویستییە بەپەلەکانی شاری موسڵ بە هەند وەردەگرێت کاتێك 900,000 کەسی ئاوارە دەگەڕێنەوە بۆ شارەکە بهڵام پێویستییان بە خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتی و گشتییەکان دەبێت بۆ ماوەیەکی درێژخایەن. قۆناغی یەکەم لە پرۆژەی نیشتەجێبوون بریتییە لە پرۆسەیەکی نا فەرمی لەگەڵ خاڵی یارمەتیدەر کە بە شێوەیەکی ئەندامی لەلایەن کۆمەڵگەی گەڕاوەوە دیاری دەکرێت.  و بەبوونی قاڵبێکی نمونەکان یەکەکانی نیشتەجێبوون دەتوانن گەشە بکەن و چڕ ببنەوە و پەرەبستێنن لە ڕێگەی کۆمەڵێك یاسای پێشنیارکراو. دەستەی دادوەران دەڵێت نیشتەجێبوون "دۆخەکە بە هەند وەردەگرێت بە گشت ئاست و قۆناغە پەیوەندیدارەکانیەوە، هەر لە نیشتەجێبوونی سەرەتایی دۆخی ئیمێرجنسییەوە تاکو گەڕەکێکی نیشتەجێبووی تەواو". دیزاینی ئۆتلیك سەرچاوەی لە تەلارسازی عێراقییەوە وەرگرتوە، و لەگەڵ یەکگرتنی بۆشاییە دەرەکییەکان "ڕایەڵە و چڕیی شارەکە تەواو دەکات"، وەك دەستەی دادوەران باسیان کردووە.

# پلەی دووەم

## MARIIA CHORNA & OLEKSANDR KOSTEVYCH
## لە ڕۆكلۆ (فروتسواف)، پۆلەندا

"پرۆژەكەدڵگیرو هەمەجۆرەو توانای گەشەسەندنی هەیە. هەروەها هانی بونیاتنانی خود دەدات بەڵام پیشەسازیش نییە، بەڵكو ڕیگەیەكی بیناكردنی نا پیشەسازییەكە پرۆژەكەبۆ ئاستێكی كەسی بەرز دەكاتەوە" وەك لە كۆمێنتی دەستەی دادوەراندا هاتووە. دوو خوێندكار لەزانكۆی ڕۆكلوی زانیاری و تەكنەلۆژیا پێكەوەئەم پێشنیارەیان پێشكەشكرد. پرۆژەپێشنیاركراوەكەبەتۆڕی ژێرخانی 5x5x3 مەتر دەستپێدەكات كەشارەكەدابینی دەكات كەپاشان بەدانیشتوان پڕدەكرێتەوە. كاتێك كەئەو هاوڵاتیانەی كەگەڕاونەتەوەبۆ شارەكەیان هەڵدەستن بەدروستكردنی خانووەكانیان، ئەمەدەبێتەدروستكردنی هەمەچەشنییەكی جوان و هەروەها هەستی خاوەنێتی دروستدەكات. ژێرخانی یەكەخێزانییەكان بوار بەدروستكردنی چەندین یەكەدەدەن بۆ دانیشتوان. تیمەكەهەڵسا بەدیزاینكردنی پێداویستی بۆ ئەم یەكانەكەكەمترینیان بۆ 3 كەس و زیاترینیان بۆ 8 كەس دەشێن.

# پلەی سێیەم

## پێنج پردی كشتوكاڵی – لەلایەن VINCENT CALLEBAUT ARCHI- TECTURES – پاریس، فەڕەنسا

پێنج پردەكشتوكاڵییەكەپێشنیارێكەبۆ بونیاتنانەوەی پێنج پردەكەی موسڵ كەهەردوولای ڕووباری دیجلە پێكەوە دەبەستێتەوە وبۆ مەبەستی گەمارۆدانی داعش لەشەڕی ڕزگاركردنی شارەكەتێكشكێنران. ئەم پێشنیارەكە ئاماژەی تێدایە بۆ باخە هەڵواسراوەكانی بابل دیدێك بۆ ئایندەیەكی ئەرێنی پێشكەش دەكات بۆ بەدەستهێنانەوەی متمانەبەخود لەلای پەنابەرانی جەنگ، وەك Vincent Callebaut Architectures باسی لێدەكات. بەگوێرەی پێشنیارەكە، پردەنوێیەكان ئاوەدانەو خەڵك بەكاریدەهێنێت و باخی شارستانی و كشتوكاڵی تێدا دەبێت بۆ دروستكردنی خۆراك. دیزاینەكەچەندین سیستەمی سست پێشنیار دەكات بۆ ئایندەیەكی بەردەوام و جۆرێتی پەرەپێدراو بۆ دانیشتوان. دەستەی دادوەران "پێنج پردەكشتوكاڵییەكە"ی هەڵبژارد لەبەرئەوەی "ئەم پێشنیارەدوو لەگرنگترین پێداویستییەكانی موسڵ جێبەجێ دەكات كەبریتین لە: نیشتەجێبوون و لەبەرچاوگرتنەوەی پردەكانی شارەكە، لەهەمان كاتدا پێشینەیەكی مێژوویی بەكاردەهێنێت بۆ پردێكی ئاوەدان كەخەڵك بەكاریدەهێنێت، ولەوەش زیاتر دەڕوانێتەئایندەلەشێواز و دروستكردنیدا".

سەرچاوە: ARCHDAILY
https://www.archdaily.com/882476/winners-of-the-mosuls-housing-competition-address-the-housing-crisis-in-iraq




پلەی دووەم

# یەکەمین
## پردە کۆنکرێتییەکان لەجیهاندا

یەکەمین پردی کۆنکرێتی لەجیهاندا لەلایەن جوزێف و لویس ڤیکات لەگرینۆبیل جاردن دی پلانت (فەڕەنسا) لەساڵی 1855 دروستکراوە.
پردی ئەڵڤۆرد لەیك، یەکەمین پردی کۆنکرێتی شیش بەندکراو بوو کەساڵی 1889 لەلایەن ئەرنست ل. ڕاندسۆم لەئەمریکا دروستکرا کەپێشەنگی دیزاینی کۆنکرێتی شیش بەندکراو وئامێری تێکەڵکردن و سیستمی بیناسازی بوو. پردەکەبەشێوەی یەك کەوانەدروستکرا بەپانی 64 پێ (20 مەتر) و درێژی 20 پێ (6.1 مەتر). دیارەڕانسۆم شیشە پۆڵایینەچوارگۆشەداهێنراوەکەی خۆی کەبەسارد بادراوەبەمەبەستی شیش بەندکردن بەکارهێناوە کەلەباری درێژیدا لەکەوانەکەدا جێگیرکراوەو چەماوەتەوە. ڕووی پردەکەخەتدار و چەکوشکاری کراوەبۆ ئەوەی شێوەی بەردی لمی وەربگرێت و دیزاینی ناوخۆیی پردەکەسیمای کالتمایت "ستالەکتایت" وەردەگرێت (کەبریتییەلەنیشتووی لاوەکی و لەکۆنکرێتەوەدەرهاتووە) و ساڵانی دواتر گەشەی سەندووەلەپاش بینا سەرەتاییەکەدا.

لەگەڵ ئەوەشدا ئەرنست ل. ڕانسۆم هەستی بەبێ ئومێدی و بێزاری کرد لەبەر ئەوەی کۆمەڵگەی بیناسازی بێ بایەخی خۆیان نواند بەرامبەر بەبینا کۆنکرێتییەکەودواجار ئەو شارەی بەجێهێشت کەپردەکۆنکرێتییەکەی تیادا دروستکردبوو. بەڵام چەند پێکهاتەیەکی‌کۆنکرێتی‌شیش بەندکراوی شارەکە، کەپردی ئەڵڤۆرد لەیکیش دەگرێتەوە، بەشێوەیەکی سەرسوڕهێنەر لەبومەلەرزەو ئاگرەگەورەکەی ساڵی1906دا ڕزگاریان بوو، ئەمەش بۆخۆی پاساوی بۆ بڕوابوونی ڕانسۆم هێنایەوەبەم شێوازی بیناسازییە. ئەم پردەلەساڵی 1969 وەك نیشانەیەکی ئەندازیاری شارستانیی لەلایەن کۆمەڵەی ئەمریکی ئەندازیارانی شارستانی ئاماژەی پێکرا.

**ئایا دەزانیت پردی ئەڵڤۆرد لەیك لەئەمریکا لەکوێیە؟**

a) نیویۆرك
b) واشنتۆن
c) سان‌فرانسیسکۆ
d) بۆستن

وەڵامی ڕاست بنێرە بۆ ئەو ناونیشانە:
info.iraq@lafargeholcim.com




**براوەکانی پێشبڕکێی پێشوو:**

1. **بانو هاوڕێ** - ڕێکخەری بەشی HR- ئۆفیسی سلێمانی
2. **ئەحمەد ڕەحیم** - سەرپەرشتیاری ژینگە - کارگەی چیمەنتۆی کەربەلا
3. **زانیار ئەبوبەکر** - ژمێریاری بەشی AP- کارگەی چیمەنتۆی بازیان

LAFARGE | NEWS
LAFARGE IRAQ CORPORATE MAGAZINE

ئەم کەس و لایەنانەی لای خوارەوە ناویان هاتووە بە هەوڵ و کاتی خۆیان بەشدارییان کردووە لە ئامادەکردنی بابەتەکانی گۆڤارەکە و وەرگێڕان و پێداچوونەوەیدا:

أحمد حنفي • علي كاوا • دلشاد نجم
آزاد عمر • جولان شيركو • نهاد يلدز


لافـــارج هەڵبژاردنی دروسـت
LAFARGE
الجسر
SRC
CEM I 42.5 R-SR
كرستة
42.5 R
طاسلوجة
SULAYMANIYAH
ORDINARY PORTLAND CEMENT
IQS: 5/1984 Type I
EN 197-1-CEM I 42.5 R
ORDINARY PORTLAND CEMENT
الجسر
OPC
CEM I 42.5 R
لافارج عێراق
ڕزگاری گەڕەکی 412
باڵەخانەی ژمارە 70
سلێمانی، عێراق
(+) 964 771 345 4545
info.iraq@lafargeholcim.com
www.lafarge-iraq.com
www.facebook.com/LafargeIraq
www.lafargeholcim.com
LAFARGE IRAQ
LAFARGE
ئەندام لە
LafargeHolcim